٦ بۆ ١٢ ساڵ

1

# زنجیرەی هەبوو، نەبوو

# نرخی ئازادی

ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس





# هەبوو، نەبوو

## بەشی یەکەم

## (نرخی ئازادی)

ئازاد عەبباس گلێجاڵی

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو نەک لە گوندەکەی خۆمانا بەڵکو لە گوندەکانی دەوروبەریشا دایکم تاکە ئافرەتێک بوو خوێندەواری هەبێ، چونکە کچە مەلایە، ئەو کاتە خەڵک ووتویانە: کچەکەی مەلا مەحمو خوێنەوارە! نیوەی یەکەمی هەشتاکان بوو، هێشتا نەچوبومە قوتابخانە، بە حوکمی ئەوەی دایک خوێندەوار بوو شەوانە کتێبی سەرچاوەی ئاینی زانای مەزن مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیسی بۆ ئەخوێندینەوە، دوای ئەو باوکیشم چیرۆکی بۆ ئەگێڕاینەوە، یەکێک لەو چیرۆکانەی کە لە بیرم ماوە چیرۆکی گڵمتک بوو، چیرۆکەکە ئاوایە:

ڕۆژێک لە ڕۆژان گڵمتکێ گل بوە، دای لە تەمورە، تەمورەی شکاند!

ووتی: گڵمتک بۆچی تەمورەت شکان؟

ووتی: بۆچی گیا لە بانی پشتم سەوز ئەوێ؟

ووتی: گیا! بۆچی لە بانی پشتی سەوز ئەوی؟

ووتی: بۆچی مێ سەرقرتم ئەکا؟

ووتی: مێ! بۆچی سەرقرتی ئەکەی؟

ووتی: بۆچی گورگ دوگم ئەخوا؟

ووتی: گورگ! بۆچی دوگی ئەخۆی؟



ووتی: بۆچی شوان حەلەلەم لیٚ ئەکا؟

ووتی: شوان! بۆچی حەلەلەی لیٚ ئەکەی؟

ووتی: بۆچی داپیرە نانە سوتەڵەم ئەداتیٚ؟

ووتی: داپیرە! بۆچی نانە سوتەڵەی ئەدەیتیٚ؟

ووتی: بۆچی مشک سەردۆڵەکەم ئەخوا؟

ووتی: مشک! بۆچی سەردۆڵەکەی ئەخۆی؟

ووتی: بۆچی پشیلە قەپم پیا ئەکا؟

ووتی: پشیلە؟ بۆچی قەپی پیا ئەکەی؟

ووتی: چاووم زاقە! گوێم دوو فاقە! حەلەلەو کش کش لەم تاقە بۆ ئەو تاقە!.

هەمو تاوانەکەیان ئەهێنایەوە بۆ لای پشیلە، وەڵامی پشیلەکەش ئێمەی زۆر پێئەکەناند!

خوێنەری بەڕێز!

بەشێک لە وێژەو ئەدەبیاتی هەمو گەلان بریتیە لە گێڕانەوەی چیرۆک و ڕوداوەکان، لەم بەشەشدا گێڕانەوەی ڕوداوەکـان بە نـاوی ئـاژەڵانـەوە ئەگەر پشکی شێری بەرنەکەوتبیٚ ئەوا پشکێکی زۆر گەورەی بەرکەوتوە، چیرۆکەکانی کلیلە و دیمنە، مەنتیقوتەیری نەیشاپوری، مەسنەوی مەعنەوی گـەورە خوانـاس جەلالەدینی ڕۆمی و ... شایەتی ئەم ڕاستیەن، مرۆڤە ژیرەکانی پێشوو زۆر جار لە دەست ستەم وزوڵمی کاربەدەستان ناڵاندویانە، نەشیانوێراوە ڕاستەوخۆ



ڕەخنە لە پاشاو وەزیرو کاربەدەستەکان بگرن، بۆیە لە ژێر پەردەی گێڕانەوەی چیرۆک بە ناوی ئاژەڵانەوە پلاری خۆیان گرتوەتە کاربەدەستان و داخی دڵی خۆیان ڕشتوە.


زۆر جاریش بە ناوی گێڕانەوەی چیرۆکی ئاژەڵان تەمێ و ئامۆژگاری خەڵکیان مەبەست بوە، وەک چیرۆکەکانی مەسنەوی مەعنەوی کە زیاتر لەم جۆرەیانە.

یەکێک لە گرنگیەکانی چیرۆک ئەوەیە کە زۆر زوو لە مێشکا ئەچەسپێ و درەنگ لە بیر ئەچێتەوە، هەر ئەوەشە وای کردوە کە زۆر جار پەنا بۆ چیرۆک ببرێت، ئەم کورتە چیرۆکانە کە لەبەردەست بەڕێزتایە بریتین لە کۆمەڵێک چیرۆک کە پڕن لە پەند و ئامۆژگاری بۆ تازە لاوە بەڕێزەکان، خۆ ئەگەر گەورەکانیش بیخوێننەوە ئەتوانن زۆر سودی لێ هەڵکرێنن، هیوادارم بە ووردی بیخوێنیتەوەو بەشی خۆت سودی لی هەڵکرێنی.

براتان

**ئازاد عەبباس گڵێجاڵی**

شارەزوور، گوندی قەرەگۆلی حاجی جەزا





# (١)
# پڵنگی گەسک لێدەرە

کلیلی ئەم بەشە:

- مەیمون

+ بێچوە ئاسک

= کەرەکێوی

× زەڕافە

: ڕێوی

:: پڵنگ

□ ژنی پڵنگ

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

بەیانیەک زوو پڵنگەکە بە مەبەستی ڕاوکردن هاتە ناو دارستانەکە

هەر ئاژەڵێک پڵنگی چاو پێئەکەوت لە ترسا هەمو گیانی ئەلەرزی و بە پەلە خۆی لە ناو دارستانەکەدا

ئەشاردەوە
مەیمون هەمو گیانی ئەلەرزی و ئەیگووت:
- ئەم پڵنگە چەند بەهێزە!! من زۆر زۆر لێی ئەترسم!
بێچوە ئاسکێکی جوانیش لەوێ بوو ووتی:
+ بەخوا منیش کە دەیبینم هەمو گیانم دێتە لەرزە، ئەو پڵنگە ئەتوانێ بە یەک چرکە من حەپەلووش بکا!
کەرەکێوییەکیش لەوێ بوو ووتی:
= ئای ئێمە چەند بەدبەختین! ئەو پڵنگە هەمو خزم و کەس و کاری منی خواردوە!
کەرە کێوییەکە ئەو دۆست و هاوڕێی و خزمانەی خۆی بیر کەوتەوە کە پڵنگەکە هەمویانی خواردبوو بۆیە چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو، هۆن هۆن فرمێسک بە چاویا ڕژایە خوار!
زەڕافەش ووتی:
× کورە ئەو پڵنگە هەمو ڕۆژێک دێت و ئێمە مانان ئەکا بە نێچیری خۆی و ئەمانکا بە خۆراکی ژن و منداڵەکانی خۆی، ئەوان بە سەر ئێمەوە بە خۆشی لێی ڕائەبوێرن
دوای ئەوەی هەمویان دەردە دڵیان لای یەکتر کرد ڕێوی ووتی:
. بەڵێ وایە، ئەو بەهێزە، ئێوەش هەموتان لەو

ئەترسن.

- بەڵێ وایە هەمومان لێی ئەترسین.

: بەڵام من ئەتوانم بیکەمکە کەسک لێدەری ماڵی خۆمان!

ئاژەڵەکان هەمویان تێر بەو قسەی ڕیوییەکە پێکەنین

مەیمون ووتی:

- بەڵێ ڕاست ئەکەی ئەوە تۆ ئەچی حەوش و بانی. ماڵی ئەوان گەسک لێ ئەدەی بۆ ئەوەی پڵنگەکە نەتخوا!

ڕێوی بە دەنگی بەرز ووتی:

: دەی برا بزانە ئەو ماڵی من گسک لێ ئەدا یان من ماڵی ئەو گسک ئەدەم؟! پێتان نیشان ئەدەم! ئەبێ بە بەرچاوی هەموتانەوە پڵنگەکە ماڵی من گەسک لێبداو خۆڵ و خاشاکەکەش هەڵگرێ و بە دوای منا بە بەرچاوی ئێوەوە ڕایکێشی و فڕێی بدا، بەڵام پەلەم لێ مەکەن!!

ئاژەڵەکان ووتیان: برا باشە پەلە ناکەین بزانین چیت لە دەست دێ!؟

ڕێوی لە سەر ڕێی پڵنگەکە دانیشت و پڵنگەکە وەک ڕۆژانی‌تر نێچیرێکی بە دەمەوە بو و بەرەو ماڵ ئەگەڕایەوە، ڕێوی زۆر بە هێواشی و بە دەنگێکی

کزۆڵانەوە ووتی:

: گەورەم جەنابی پڵنگ! من هەمو ڕۆێک تۆ ئەبینم بەیانی زوو ئەچی بۆ ڕاو کردن و دەمەو نیوەڕۆ لەو کاتە گەرمەدا ئەگەڕێیتەوەو نێچیرێکت پێیەو زۆر ماندوو ئەبی!

پڵنگەکە بە توڕەییەوە تەماشایەکی ڕێوی کردو ووتی:

:: دەی ئەوە چی تێدایە!؟

پێش ئەوەی پڵنگەکە توڕە ببێ ڕێوی ووتی:

: دەی قوربان من زۆر بە جەنابتان سەرسامم!

پڵنگەکە کەمێک هێور بویەوەو ووتی:

:: سوپاس! پێم بڵێ بزانم چیت ئەوێ من ماندوم ئەمەوێ بچمەوە ماڵ و پشوو بدەم!؟

: قوربان هیچم ناوێ، تەنیا مەبەستم ئەوە بو سەرسامی و ڕێزی خۆمت بۆ دەرببڕم.

:: ئەتەوێ چی بکەی!؟

: جەنابی پڵنگ من ئەمەوێ کارێکت بۆ بکەم! جەنابت پاشاو گەورەی دارستانی، کەس لە تۆ بەهێزتر نیە، نابێ تۆ لە بەر ڕاو کردنی نێچیرێکی بێنرخ خۆت ماندوو بکەی! من کارێک ئەکەم کە هەمو ڕۆژێ نێچیرێک بێنمە ماڵەوە بۆ جەنابت، نێچیرەکە ئەوەندە گەورە بێ کە بەشی خاو خێزانت بکا





پڵنگەکە بەو قسانە کەمێک لە خۆی بایی بوو، قسەکانی پێ خۆش بوو، بە ڕێویەکەی ووت:

:: دەی لە کەیەوە دەست پێ ئەکەی؟

: قوربان لە بەیانی زووتر نیە، دەست پێ ئەکەم، هەمو ڕۆژێ نێچیرێکت بۆ ئەهێنمەماڵەوە

پڵنگەکە گەڕایەوە ماڵەوەو نێچیرەکەی خستە بەردەم ژن و مناڵەکانی و خۆی هیچی نەخوارد، بەردەوام بیری لە قسەکانی ڕێوی ئەکردەوە.

ژنەکەی ڕووی تێکردو ووتی:

□ئەوە چیە؟ بیر لە چی ئەکەیتەوە؟ بۆ وەک ڕۆژانی ڕابردوو لە گەڵمانا شت ناخۆی؟

:: هیچ نیە ماندوم، پڵنگێکی وەک من چۆن ئەبێ هەمو ڕۆژێک بۆ نێچیرێکی بێنرخ ئاوا ماندوو ببێ؟

□ ئەی چی بخۆین؟

:: ئیتر لەمەودوا هەمو ڕۆژێ ڕێوی نێچیرمان بۆ ئەهێنێ و منیش بە ئیسراحەت لێی پاڵ ئەکەووم! ئەو ڕێوییە زۆر بە من سەرسامە!

□ دەی باشە پێم بڵێ ڕێوی بۆچی لە بەر تۆ ئاوا خۆی ماندوو ئەکا؟

:: ئەیچۆن! خۆ دونیا تۆ نیە ڕێزی مێردە پاڵەوانەکەت نەگرێ، خەڵک ڕێزم لێ ئەگرن!!

□ بەخوا من ئەم کارەم بە دڵ نیە.



له بەیانی ئەو ڕۆژە بە دواوە ڕێوی لە دەرو دەراوسێ نێچری ئەدزی و ئەیبرد بۆ ماڵی پڵنگ

هەفتەیەک تێپەڕی، پڵنگ تا دەمەو نیوەڕۆ لێی ئەخەوت، کاتێ لە خەو هەڵئەسا تەماشای ئەکرد نێچیرێکی گەورە لە بەر دەرگەی ماڵیا دانراوە، ئیتر خۆی و خاو خێزانی لێیان ئەخوارد

پاش ماوەیەک ڕێوی دڵنیا بوو کە پڵنگەکە تەمەڵ بووەو توانای ڕاوکردنی نەماوەو پشتی بە ڕێوی بەستوە، بۆیە هەمو ڕۆژێک کەمێک خواردنەکەی دوا ئەخست و درەنگ بۆی ئەبرد، تا وای لێهات خستیە پاش نیوەڕوان.

ژنی پڵنگەکە بە پڵنگەکەی ووت:

 ئەوە چیە ڕێوی درەنگ خواردنەکەمان بۆ دێنێ و ئەیخاتە پاش نیوەڕۆ، بێچوەکانمان برسی ئەبن!؟

:: بێدەنگ بە ژنێ، تۆ بۆ پێت ناخۆشە من بە ئارامی لێی پاڵکەووم!؟ لەوانەیە ڕێوی ڕاوی دەستنەکەوێ!

 ئەی ئەم گۆشتە کێ ئەیهێنێ و لەبەر دەرگا دای ئەنێ!؟

:: من هەقم چیە کێ ئەیهێنێ! گرنگ ئەوەیە دێت!

دوای چاوەڕوانییەکی زۆر ڕێویەکە دەرکەوت و زۆر بە هێواشی و لە سەر خۆ بەرەو ماڵی پڵنگ ئەهات و گۆشتی بۆ هێنان

پڵنگ ووتی:

:: هێی ڕێوی! ئەوە بۆ دوا ئەکەوی؟ نازانی ئێمە هەمومان برسیمانە!؟

ڕێوی خۆی لە پڵنگ توڕە کردو ووتی:

: دەی من چیبکەم ئێوە برسین!؟ من هەر ئەوەندەم لە دەست دێ، گۆشتەکە بگرەو دەمت داخە وئەوەنە چەنە بازی مەکە!

پڵنگ سەری ڕاوەشاند و گۆشتەکەی لە ڕێوی وەرگرت و بردیە ماڵەوەو لە گەڵ ژن و مناڵەکانیا دەستیان کرد بە خواردن، لە بەر خۆیەوە ئەیووت: ئەم ڕێوییە زۆر ماندو ئەبێ و لە بەر ئێمە پشوی لە خۆی بڕیوە!

ژنی پڵنگەکەش هەروا تەماشای پڵنگەکەی ئەکرد و سەری سوڕ ئەما کە مێردەکەی بۆ ئەوەندە دۆش داماوەو بیر لە چی ئەکاتەوە!؟

کاتی ئەوە هات ڕێوی کاری خۆی بکا!

ڕێوی بانگی هەمو ئاژەڵانی کرد و ووتی:

: ئێستا پیشانتان ئەدەم کە پڵنگە دڕندەکە چۆن حەوش و بانی ماڵی ئێمە گەسک لێ ئەداو خاوێنی ئەکاتەوە!! چۆن بە سەر شۆڕییەوە بە دوای ڕێوییەوە ئەڕوا بە ڕێدا!!

ڕێوی زیاتر لە ڕۆژانی ڕابردو خۆی دوا خست،

پڵنگەکە ئەوەندە برسی ببو ئاگای لە خۆی نەمابوو، ڕێوی تورەکەیەکی برد بۆ ماڵی پڵنگ و دای بە پڵنگەکە، پێی ووت:

: ئەو تورەکەی خۆڵ و خاشاکە هەڵبگرەو دوام کەوەو وەرە ماڵی ئێمە گەسک لێدەو پاکی بکەرەوە تا من ئەڕۆم و بەشە گۆشتی ئەمڕۆت بۆ پەیدا ئەکەم

پڵنگ تورەکەکەی هەڵگرت و دوای ڕێوی کەوت، هەمو ئاژەڵانی دارستانیش تەماشایان ئەکرد، بڕوایان بەو دیمەنە نەئەکرد! ئەها ئەوە پڵنگە و خۆڵ و خاشاکی ماڵی ڕێوی کۆ ئەکاتەوەو پاشان هەڵیئەگرێ بە دوای ڕێوییەوە ئەڕوا بە ڕێدا؟!؟!

ڕێوی لە بەر هەتاوو و دوور لە دارەکان ڕێی ئەکرد بۆ ئەوەی ئاژەڵەکانیتر بە جوانی بیبینن

پڵنگیش لە دواوە بوو، کەمێک تەماشای سێبەرە گەورەکەی خۆی کرد کە لۆژ لۆژ سەری داخستوەو بە دوای ڕێوییەوە ڕێ ئەکا، بیری لەوە کردەوە کە لە بەر تەمبەڵی چی لە خۆی کردوە، شەرمی لە خۆی ئەکردەوە

دوای ئەوەی هاتەوە ماڵ هەر بیری لەوە ئەکردەوە کە چۆن ڕێوی داوی بۆ ناناوەو تەمەڵی کردوە٫؟ بە ژنەکەی ووت:

:: ژنەکە! بەیانی وەک جاران خۆم ئەچم بۆ ڕاوو



چاوەڕێی دەستی ڕێوی نابین!

بۆ بەیانی پڵنگەکە ڕۆشت بۆ ڕاو، ئاژەڵەکان هەموویان لە ترسا ئەلەرزان و خۆیان حەشار ئەدا، ڕێوی لە هەموویان زیاتر ئەترسا و خۆی حەشار ئەدا، مەیمون پێکەنی و ووتی:

- مامە ڕێوی! ئەوە خێرە وا ئەوەندە لە پڵنگەکە ئەترسی؟! خۆ تۆ دوێنێ ماڵی خۆتانت پێ گەسک داو خۆڵ و خاشاکی ماڵی ئێوەی هەڵگرتبو و بە دوای تۆوە ڕێی ئەکرد.

ڕێوی ووتی:

: بەڵێ ڕاست ئەکەی، دوێنێ دوێنێ بوو، دوێنێ پڵنگ سەرشۆڕی من بوو، چاوەڕێ بو من خواردنی بۆ ببەم، بەڵام ئەمڕۆ سەرشۆڕی قبوڵ ناکاو خۆی کار ئەکا و هاتوەتە ڕاو.

## (کورتەی چیرۆک بە هۆنراوە)

پڵـنـگـێـکـی چـەنـگ بــە خـوێـن
ڕاوی ئــەکــرد لــە گــشــت شـوێـن
ئــــاژەڵانــــی دارســــتــــان
هـــەر هـــەمـو لـێـی ئـەتـرسـان
ڕێـــوی بـــە فـێـڵ و دەهـــۆ
ســـەری پـێ شـۆڕ کـرد بـۆ خـۆ



خاشاکی پێ ئەماڵی
لە باتی نانی ماڵی
بە دوای خۆیا ئەیکێشا
بەلای بێگانەو خوێشا
پڵنگ بیری کردەوە
رابردوی بیر هاتەوە
ووتی تا من تەمەڵ بم
ئەبێ وەکو چەقەڵ بم
واباشە خۆم ڕاو بکەم
چاوەڕێی ڕێوی نەکەم
تاکەی سەرشۆڕ و ڕیسوا
ڕێوی گاڵتەم پێ بکا
بۆچیمە هێز و بازوو
کوانێ سەربەرزی و ئابڕو
جیاتی خاشاک بماڵم
لە ژێر بارا بناڵم
ڕاو ئەکەم بە چەنگی خۆم
نانی تەمبەڵی ناخۆم





## (٢)
# کەروێشکی ووریا

**کلیلی ئەم بەشە:**

- کەروێشک

+ ماسی

= پشیلە

× کۆتر

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو.

کەروێشکە ووریاکە لە سەر کەناری دەریاچەکە وەستاو تەماشای ئەو ماسییانەی ئەکرد کە لە ناو ئاوەکەدا هەڵدەپەڕین و یارییان ئەکرد، بە ئاسانی مەلەوانییان ئەکرد

پاشان سەری بەرز کردەوەو چاوی بە باڵندە جوانەکان کەوت کە لە ئاسماندا ئەفڕین، بازیان

ئەدایە سەر لقی دارەکان و ئەم دار بۆ ئەو دار و ئەم لق بۆ ئەم لق

کەروێشکە وورياکە لە بەر خۆیەوە ووتی:

- ئای ماسیەکان! ئای باڵندەکان! ئێوە چەندە خۆشبەختن.

پاشان زیاتر لە دەریاچەکە نزیک بویەوەو بانگی ماسیەکانی کرد و ووتی:

- هۆ ماسییە جوانەکان! ئێوە چەندە خۆشبەختن! بۆ خۆتان مەلەوانی ئەکەن، یاری ئەکەن، لە ناو ئاودا سەما ئەکەن!

ماسییەک سەری لە ئاو هێنایە دەرو ووتی:

+ دەی کەروێشکی جوان خۆ تۆش بۆ خۆت هەڵئەپەڕی و یاری ئەکەی و ڕا ئەکەی!

- ئاخر یاری کردن و سەما کردن لە ناو ئاوا خۆشترە!

+ تۆش بە ئارەزوی خۆت بە ناو گژو گیاو گوڵی ڕەنگاو ڕەنگی جوانا دێیت و دەچی، بەڵام ئێمە ناتوانین لە ئاو بێینەدەرێ!

- ئاخر من حەزم لێیە لە ناو ئاوا مەلە بکەم!

+ دەی باشە لە کەنار ئاوەکەدا مەلە بکە، بەڵام نەیەیتە قوڵایی ئاوەکەوە با نەخنکێی!!

- ئەی تۆ بۆ ناخنکێی؟

+ خوای گەورە ئێمەی ئاوا دروست کردوە کە لە ناو ئاوا نەخنکێین بەڵام لە ووشکانیا ئەخنکێین!

- بەڵام من حەزم لە مەلەوانییە، گۆم تا قوڵ بێ مەلەی خۆشە

کەروێشک خۆی فڕە دایە قوڵایی ئاوەکەوە

ماسی هاوای کرد:

+ نەکەی ئەخنکێی!!

بەڵام کەروێشکەکە لە گوێی ماسی نەکرد و لە ناو قوڵایی ئاوەکەدا خۆی بینییەوە، چەند چرکەیەکی کەم لە سەر ئاوەکەدا توانی خۆی ڕابگرێ، کەمێک مەلەی کرد، بەڵام دواتر لوتی پڕ بو لە ئاو، هەناسەی لێ بڕا، خەریک بو بخنکێ، هاواری کرد:

- فریام کەوون! فریام کەوون! خەریکە ئەخنکێم!

ماسیە جوانەکە بانگی هەمو ماسییەکانیتری کرد و هەمویان پێکەوە کەروێشکەکەیان ڕزگار کرد و بردیانەوە لێواری دەریاچەکە

پاشان ووتیان: ئێمە لەمە زیاتر ناتوانین کەروێشکەکە ببەین و با بانگی پشیلەی هاوڕێمان بکەین بیباتەوە بۆماڵەوە

ماسییەکان هەمویان بە یەک دەنگ هاواریان کردو بانگی پشیلەکەیان کرد، پشیلەکە بە پەلە هات بۆ لای ئاوەکە، کەروێشکی دا بە کۆڵی خۆیاو بورەو ماڵی



بردەوە

پاش ماوەیەک کەروێشکەکە هۆشی هاتەوەو ووتی:

- هاوڕێیان سوپاسی هەموتان ئەکەم، خەریک بو بخنکێم ئێوە ڕزگارتان کردم

پشیلەکە بە کەروێشکە ووریاکەی ووت:

= جارێکیتر ئەچیتە ناو ئاوەوە؟

- نەخێر، بەڵام خۆم فێری فڕین ئەکەم

= نا، شتی وا نابێ، تۆ ناتوانی بفڕی!

- دوو باڵ بۆ خۆم دروست ئەکەم و پێیان ئەفڕم، ئیتر ترسی خنکانیشم نیە!

= ئاخر لە بەرزاییەوە ئەکەویتە خوارەوەو هەمو گیانت ئەشکێ!

- نەخێر هەر ئەبێ بفڕم، هەوڵی خۆم ئەدەم

= کورە تۆ ئامۆژگاری وەرناگری، بڕۆ چی ئەکەی بیکە من کارم نیە بە سەرتەوە

کەروێشکەکە ڕۆشت بۆ لای کەڵەشێر و هەندێ پەڕی لێ وەرگرت، لکاندی بە هەردو دەستی خۆیەوە، ڕۆشتە بن دارێک و کۆترێکی بینی، بە کۆتری ووت:

- هێی کۆترەکە ئێستا منیش وەک تۆ ئەفڕم!

کۆتر ووتی:

× کورە کەروێشک ئەوە تۆ چی ئەڵێی؟ خۆ فڕین تەنیا پەڕو باڵ نیە و .....

ویستی هەندێ ئامۆژگاری بکا بەڵام کەروێشکەکە
توڕە بوو قسەکانی بە کۆتر بڕی و ووتی:

- لاچۆ ئەتەوێ لە خۆشی فڕین بێبەشم بکەی، من
هەر ئەبێ بفڕم!

× دەی باشە بە دڵی خۆت بکە! من کارم نیە بە
سەرتەوە

کەروێشکەکە بە هەزار حاڵ ڕۆشتە سەر دارەکە،
لە تەنیشت کۆترەوە وەستا، ووتی:

- ئای ئەم کێوو دەشتانە لەم بەرزاییەوە چەندە
جوانن، خۆ ئەگەر بفڕم جوانتریش ئەبن!

کۆترەکە فڕی، کەروێشکەکەش بە خێرایی
هەردو دەستی ڕائەوەشان، کۆتر بەرز بویەوە، بەڵام
کەروێشکەکە بەرەو خوارەوە هوژەی کرد و دای بە سەر
تاشە بەردێکا، دەستی کرد بە ناڵەو هاوارو ووتی:

- ئای هەمو گیانم شکا!!

دووبارە پشیلەکە هاتەوەو کەروێشکەکەی هەڵگرت
و بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان و دوو مانگی ڕێک چاودێری
کرد و داوو دەرمانی پێدا تا چاک بویەوە، دوای ئەوەی
بە تەواوی چاک بویەوە پشیلەکە پێی ووت:

= پیرۆزە بە تەواوی چاک بویتەوە، ئومێدەوارم
ئیتر خۆت ئازار نەدەی

- پشیلە گیان سوپاسێکی زۆرت ئەکەم! ئەوە دوو



جارە تۆ من ڕزگار ئەکەی!

= گرنگ ئەوەیە تۆ چاک بویتەوە، خەریک بو ئەمجارەش بمری، خوا ڕەحمی کرد نەمردی!

- من ویستم وەک ماسییەکان مەلە بکەم و وەک باڵندەکان بفڕم! بەڵام نەکرا!

= کەروێشکە جوانەکە! هەرگیز خەفەت بۆ ئەو ناز و نیعمەتانە مەخۆ کە نیتە، تۆ تەماشا بکە! ماسی ناتوانێ بۆ یەک خولەکیش لە ئاو بێتە دەرەوە، ئەگەر بێتە دەرەوە ئەمرێ! باڵندەکان ناتوانن لە سەر زەوی هێلانەی خۆیان دروست بکەن، هەر ئاژەڵ و گیاندارێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام تۆ بە ئارەزوی خۆت ئەتوانی بە ناو گژو گیاو گوڵی جوان و ڕەنگاوڕەنگا بێیت و بچی، بۆ خۆت سەما بکەی، ئەبێ هەمومان سوپاسی خودا بکەین بۆ ئەو بەشەی پێی بەخشیوین، نابێ ئێرەیی بە یەکتر ببەین و چاومان لە شتێ بێ کە نیمانە.

## (کورتەی ئەم چیرۆکە بە هۆنراوە)

کەروێشکێکی نەرم و جوان
ئەیووت: ئەبمە مەلەوان
دوایی ئەفڕم وەک بولبول
لەم چڵ ئەچم بۆ ئەو چڵ
خۆی خستە دەریا بە تاو
گوێ و لوتی پڕ بون لە ئاو
ماسیەکان فریای کەوتن
ڕزگاریان کرد لە مردن
پاشان لە لای کەڵەشێر
دوو پەڕی هێنا بە وێر
لکاندی بە دەستی خۆی
ئەیووت: ئێستا ئەفڕم بۆی
دوایی ڕۆشتە سەر دارێ
خۆی فڕە دایە خوارێ
کاتێ کە لە دار بەربوو
شکا سەرو پەراسو
پشیلە بە خێوی کرد
ئەمجارەش چا بوو نەمرد
پێی وت: گوێ بگرە خرپن
بۆ ئەچی بەرەو مردن

خوای گەورە هەر ئاژەڵێ
تایبەتمەندیەکی ئەداتێ
ماسی مەلە لە ناو ئاو
باڵندە ئەفڕێ بۆ ڕاو
تۆش لە نێو گژو گیادا
خەمی خۆتت بە بادا
تێکەڵاوی گوڵانی
زۆر خۆشە گەر بزانی
چاو مەبڕە بەشی هیچ کەس
ئێرەیی با ئیتر بەس
سوپاسی خودا بکە
بە بەشی خۆت ڕازی بە





# (٣)
# شێری دادگەر

**کلیلی ئەم بەشە:**

**- شێری ستەمکار**

**+ کەر**

**= مەیمون**

**: زەڕافە**

**:: کارمامز**

**× گورگی وەزیر**

**□ فیل**

**یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.**

**دوای هەوڵدان و ماندو بونێکی زۆر شێری ستەمکار توانی دەسەڵات لە شێری دادگەر بسەنێت و دەست بە سەر دارستانا بگرێت و خۆی بکا بە سەرۆک و گەورەی دارستان، بۆیە بانگی هەمو ئاژەڵانی کرد و باسی**

بەرنامەی کاری خۆی بۆ ئاژەڵان کرد

ئاژەڵەکان هەمو کۆ بونەوە بۆ ئەوەی گوێبیستی ووتاری شێری ستەمکار بن

شێری ستەمکار چوە سەر بەرزاییەک و دەستی کرد بە ووتاردان بۆ ئاژەڵان و ووتی:

- من گەورەی هەموتانم، کاروباری ئێوە بەڕێوە ئەبەم، دادگەرئەبم لە گەڵتانا، ناهێڵم هیچ کەس ستەم لە کەسێکیتر بکا، بەرگریتان لێ ئەکەم و ناهێڵم هیچ جۆرە دڕندەیەک هێرشتان بکاتە سەر .... و .....

دوای ئـەوەی ئاژەڵەکان هەمویان گوێبیستی ووتارەکەی شێری ستەمکار بوون کەر ووتی:

+ ئەمە ئەو پادشایەیە کە زۆر لە مێژە ئێمە ئاواتمان بوو.

مەیمون ووتی:

= بۆ؟

+ ئەی گوێت لێ نەبو کە بەڵێنی پێداین دادگەر بێت و مافی کەس پێشێل نەکرێت و بەرگریمان لێ بکا؟!

= جا ئەوە چیە؟ ئەوە هەر قسەیەو بەس، گرنگ ئەوەیە قسەکانی کرداریان لە گەڵا بێ

+ ڕەشبین مەبە! من بە تەواوی بڕوام بە قسەکانی شێر هەیە

= باشە پەلە مەکە دوایی کردەوەکانی ئەبینین و

ئەزانین ئەو بەڵێنانەی کە پێیداین بردیە سەر یان هەر بانگەشەو درۆ بوو؟

+ چۆن چۆنی؟

= تەماشای جێگرو وەزیرو هاوکارەکانی ئەکەین، بزانین چ کەسانێکن، ئەو کات لە ئاوێنەی هاوکارەکانیەوە کەسایەتی ئەویشمان بۆ دەرئەکەوێ

دوای چەند ڕۆژێک شێری ستەمکار ڕایگەیاند کە: لەمەولا گورگ وەزیری منەو دەسەڵاتی وەزیری لای ئەوە

زەڕافە بە کارمامزی ووت:

: ئای باوکەڕۆ! گورگی چاو برسی کرا بە وەزیر!؟

کارمامز ووتی:

:: بە ڕاستی گورگ چاو برسیەو بێچووەکانمان ئەخوا!

: کورە ئەمە کارەساتە کارەسات، ئەی باشە ئەگەر گورگ ستەمی لە ئێمە کرد و بێچووەکانی ئێمەی خوارد و ماڵمانی کاول کرد لای کێ سکاڵا بکەین؟

:: جاران گورگ لە شێر ئەترسا بەڵام ئێستا وەزیری شێرەو ترسی لە شێر نامێنێ، چونکە هاوکاری یەکن

: نا وانابێ، شێر ناهێڵێ زیادەڕەوی بکاو سزای ئەدا!

:: جا بزانە! ئیتر لەمەولا هەر تاوانەو ئەکرێ و

بەناوی شێرەوە بڕیاری نابەجێ دەرئەکرێ

گورگەوەزیر هەمو گورگەکانیتری کۆ کردەوەو پێی ووتن:

× تـەواو سەردەمی برسێتی بەسەر چـوو! چی ئەکەن بیکەن! چی ئەخۆن بیخۆن! هەموتان سەربەست و ئازادن، کام ئاژەڵەتان حەز لییە بیخۆن

گورگەکان هەمویان ئاوو لیک بە دەمیانا ئەچۆڕاو ووتیان: ئاخر شێرەکە ناهێڵێت!

× خۆمان ئاژەڵەکان ئەکوژین و بەشی شێریش ئەدەین، هەر ئاژەڵێک نـاڕازی بوو لـە پێشا ئەوە ئەخۆین!

گورگەکان ووتیان: مەبەستت چیە؟

× هەر ئاژەڵێک نارەزایی دەربڕی و ویستی سکاڵا بکا خۆمان ئەیگرین و ئەیبەین بۆ لای شێری ستەمکار و دەڵێین: گەورەم! ئەم ئاژەڵە سپڵەیە ڕقی لە تۆیەو ئەیەوێ شێرەکەی پێشو بێتەوە سەر تەخت و جەنابت لە سەرۆکایەتی لادا!

گورگەکان هەمویان دەستیان کرد بە پێکەنین و لیکاو بە دەمیانا ئەچۆڕا، هەمویان بە یەک دەنگ هاواریان کرد و ووتیان: بژی شێری ستەمکار برسێتی لابرد یەکجار بژی شێری ستەمکار برسێتی لابرد یەکجار



ئەو ساڵە بارودۆخی دارستان تەواو گۆڕا، هەمو ئاژەڵەکان هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا بون، ئەترسان گورگە چاوبرسیەکان پەلاماریان بدەن و بێچوەکانیان حەپەلوش بکەن

هیچ ئاژەڵێک زاتی ئەوەی نەبو بڕوا بۆ لای شێر و سکاڵا بکا، هەر یەک لە جێگەی خۆیەوە بەرگری لە خۆی ئەکرد و کەس بە کەس نەبو

پاش ماوەیەک مەیمون ڕۆشت بۆ لای فیلە ژیرەکە و پێی ووت:

= بۆچی تۆ ناڕۆی بۆ لای شێری ستەمکاری نابیتە وەزیری، خۆ تۆ کاتی خۆی وەزیری شێرەدادگەرەکە بوی؟

فیل ووتی:

□ ئاخر شێری ستەمکار داوای لێ نەکردوم ببمە وەزیری، هەرچەند ئەگەر داواش بکا نابمە وەزیر

= بۆ؟

□ چونکە من بە تەنیا ناتوانم گۆڕانکاری بکەم، ئەوانەی بونەتە کاربەدەستی شێری ستەمکار هەمویان خراپن و یەک لە یەکتر ستەمکارترو دڵڕەقترن، ناهێڵن هیچ گۆڕانکارییەکی باش ڕووبدا

= ئەی چارەسەر چیە؟

□ کۆمەڵێک ئاژەڵ کۆ ببنەوەو هەموتان بچن بۆ

لای شێر و داواکاری خۆتانی پێ بڵێن و باسی ئەم
ستەم و ستەمکارییەی لا بکەن
ستەم و ستەمکارەکەش ئـەو ستەمەی
= کـوره شێره ستەمکارەکەش
گورگەکانی پێخۆشە و پشتگیری لە گورگەکان ئەکا
خۆ ئەو لە خۆیا خۆی بە گەورەو سەرکردەی □
هەموان ئەزانێ.

وەرزی زستان و بەهار کۆتاییان هات، باران نەدەباری، جگە لە چەند گۆماوێک نەبێ دارستانەکە ئاوی تیا نەما، گورگەکان هەریەکەو دەستیان گرت بە سەر گۆماوێکا و مۆڵەتی ئەوەیان بە ئاژەڵانیتر نەئەدا ئاو بخۆنەوە، ئاژەڵەکان هەمویان خەریک بو لە تینوا ئەخنکان

کەر بە مەیمونی ووت:

+ ئێستا لە قسەکەی تۆ تێگەشتم، ئێستە تێئەگەم کە ئەو شێرە ستەمکارە، خۆ جەنابی گورگە وەزیر خەمی خزمەکانی خۆی نەبێ خەمی هیچ ئاژەڵێکیتری نیە، هەمومان تینیومانە جگە لە دارودەستـەو خزمەکانی گورگە وەزیر!

بۆ بەیانی هەمو ئاژەڵەکان لە گەڵ بێچوەکانیان ڕویان کردە گۆماوێک بۆ ئەوەی ئاو بخۆنەوە، بەڵام گورگەکان ڕێیان نەئەدا ئاژەڵەکان لە ئاوەکە نزیک ببنەوە

ئاژەڵە گەورەکان لە تاو تینوێتیا هێزیان تیا نەمابوو، بێچوە ئاژەڵەکان لە تینوا هەمویان ئەگریان، ئاژەڵەکان لە تاو تینوێتی و گریانی بێچوەکانیان تورە بوون و هەر هەمو بە جارێک هێرشیان کردە سەر گورگەکان، زۆربەی زۆری گورگە ستەمکارەکان کوژران و هەرچی ما لەو ناوە نەماو ڕایکرد

شێری ستەمکار هەستی کرد کە ئاژەڵەکان خەریکە بەسەریا زاڵ ئەبن و هەمویان تورەن، بۆیە هەمویانی کۆ کردەوەو بە بەرچاوی ئەوانەوە لە گورگە وەزیر تورە بو و لە کارەکەی دەری کرد، ئیتر گورگ لە وەزیری نەما

فیل ووتی:

□ کورە شێری ستەمکار خۆ کێشەی ئێمە تەنیا ئەو گورگە چاو برسیانە نەبو

شێری ستەمکار ووتی:

- ئەی چییە؟

□ کێشەی هەرە گەورە تۆی، تۆ ناتوانی گەورایەتی وسەرۆکایەتی بکەی، تۆ ناتوانی سەرۆکێکی دادگەر بی، هەر تۆ بوی گورگت کرد بە وەزیـر، خۆ تۆ ئەتزانی گورگ دڕندەیە، ئەتزانی چاوچنۆکە، بۆ کردت بە وەزیر؟

- خۆ ئێستا گورگم لە وەزیـری دەی لێگەڕێ



دەرکردوە، تەنانەت لە دارستانیش دەرمکرد

□ دەی باشە تۆش بڕۆ!

- چۆن؟ چۆن؟ ئەی کێ سەرکردایەتی ئێوە بکا؟

□ شێرە دادگەرەکە ئەهێنینەوە ئەیکەین بە سەرکردەی خۆمان!

- هەرگیز شتی وا نابێ و ڕونادا

□ نەخێر هەر ئێستا ڕوو ئەدا.... فیلەکەو شێری ستەمکار بوو بە شەڕیان، فیلەکە توانی شێری ستەمکار بریندار بکا، ئاژەڵەکانیتر ئەوەیان بە دەرفەت زانی و بە هەموویانەوە هێرشیان کردە سەر شێری ستەمکارو لەناویان برد

فیلەکە ئاژەڵێکی نارد بە دوای شێری دادگەرو هێنایانەوەو کردیانەوە بە سەرکردەو سەرۆکی دارستان

مەیمون بە کەری ووت:

= ئێستا چۆنی برا؟ دەنگوباست؟

کەر ووتی:

+ زۆر خۆشحاڵم هەست بە ئاسودەیی ئەکەم بەڵام شتێک هەیە منی بە تەواوی سەرسام کردوە!

= چیە؟

+ کورە ئەو شێرە دادگەرە پیر بوەو هێزی لێبڕاوە کەچی سەرکەوتنی بە دەست هێنا، شێرە ستەمکارەکەش خۆی بەهێز بوو، هەمو گورگە دڕندەکانیشی لە پشت

بوو کەچی دۆڕاندی و کوژرا!

= ئاخر دادگەری لە هەمو شتێک بەهێزترە، هەرکەس دادگەر بێ هەر ئەوە سەرئەکەوێ.

## (کورتەی چیرۆکەکە بە هۆنراوە)

لە دارستانێکی چڕ
ستەمکارێکی ملهوڕ
خۆی کرد بە سەرکردەیان
گورگیش بە وەزیر بۆیان
شێرو گورگی ستەمکار
ژیانیان بڕی بە یەکجار
نە خەوتن و پشودان
نە ئارامی ڕێگاوبان
نە دادگەری نە قانون
نە ئاسایش نەمابوون
گەلە گورگی ستەمکار
بون بە وەزیر و خونخوار
بێچوی ووردی بەستەزمان
بونە خۆراکی گورگان
بە ڕاوێژی فیلی ژیر
ئاژەلان کردیان تەگبیر

هەرهەمویان بە یەکجار
بونە دژی ستەمکار
شێر و گورگی بێ غیرەت
کوژران و بونە عیبرەت
شێری دادگەریان هێنا
لە سەر کورسیان دانا
ژیانیان گۆڕا بە یەکجار
نەما گەلی ستەمکار
ئارامی و دڵنیایی
ڕوی کردەوە ئاوایی





## (٤)
# سێ هاوڕێکە

یەکێ هەبو، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبو.

لە دارستانێکی چڕو پڕا سێ ئاژەڵ بە خۆشی و شادی بە یەکەوە ئەژیان

ئەو سێ ئاژەڵە بریتی بون لە : سەگ و مەیمون و کەرگەدەن، ئەم سیانە هەر لە منالییەوە دۆست و هاوڕێی یەکتر بوون، بە یەکەوە یاری و گاڵتەوگەپیان ئەکرد، بە یەکەوە خواردنیان ئەخوارد، مەیمون مۆز و پاقلەی کۆ ئەکردوە، سەگیش گۆشت و ئێسکی کۆ ئەکردەوە، کەرگەدەنیش گژوگیاو سەوزەی کۆ ئەکردەوەو هەمویان بە یەکەوە ئەیانخوارد

ئەم سێ ئاژەڵە زۆر هاوکاری یەکتر بوون، ئەگەر کەرگەدەن گۆشتی دەست کەوتایە ئەیهێناو ئەیدا بە سەگ، ئەگەر مەیمونیش سەوزەی دەست بکەوتایە

ئەیهێنا بۆ کەرگەدەن، ئەگەر سەگیش مۆزی دەست بکەوتایە ئەیدا بە مەیمون؛ بەمجۆرە یارمەتی یەکتریان ئەدا

ڕۆژێک دوای ئەوەی خواردنیان تەواو کرد بە یەکەوە یارییان ئەکرد، بێ ئاگا لەوەی کە شێرێک خۆی لێ داگرتون و ئەیەوێ هێرش بکاتە سەریان و بیانخوات، بەڵام خۆشبەختانە مەیمون چاوی بە شێر کەوت و هاواری کرد:

- شێر! شێر!

مەیمون یەکسەر بە پەلە بازیدایە سەر دارێک، سەگیش بە غاردان لە ناو چڕایی دارستانا خۆی وون کرد، بەڵام کەرگەدەن نەیتوانی ڕا بکات، چونکە لە ڕا کردنا خێرا نەبو، شێر هات و لە کەرگەدەن نزیک بویەوە، ئەیویست پەلاماری بداو بیخوا، وردە وردە لێی نزیک ئەبویەوە، کەرگەدەنیش خۆی ئامادە کرد بەرگری لە خۆی بکا، مەیمونیش لە سەر دارێکەوە تەماشای کەرگەدەن و شێری ئەکرد، سەگیش لە دورەوە تەماشای ئەکردن، کەرگەدەن خۆی بۆ بەرگری ئامادە کرد، لە ترسیشا هەمو گیانی ئەلەرزی، بەڵام چیبکا هەر دەبێ کەمێک بەرگری لە گیانی خۆی بکا

مەیمون لە گەڵ خۆیا کەوتە قسە کردن و لەبەر خۆیەوە ئەیووت:

- با بڕۆم بۆ یارمەتی کەرگەدەن، پاشان ئەیووت:
- خۆ نە من و نە کەرگەدەن چاری شێر ناکەین، ئەگەر منیش بڕۆم منیش و ئەویش ئەخوا، ئیتر بۆ بڕۆم با تەنیا کەرگەدەن بخوا و سەگ بێ هاوڕێ نەمێنێتەوە

شێرەکە زیاتر لە کەرگەدەن نزیک بویەوە، نزیک و نزیکتر، لیکاو بە دەمیا ئەچۆڕایە خوارەوە، کەرگەدەنیش لە لایەکەوە خۆی زیاتر ئامادە ئەکرد بۆ بەرگری و لە لایەکیشەوە تەواو خۆی بۆ مردن ئامادە کردبوو

مەیمون چاوی لێبوو کە کەرگەدەن ئەیەوێ بەرگری لە خۆی بکا، لە دڵی خۆیا بە کەرگەدەنی ئەووت:
- هەی ئافەرین کەرگەدەنی ئازاو چاونەترس! هەی لە منت کەوێ!

پاشان مەیمون ئەوەی هێنایە بیرو خەیاڵی خۆی کە شێرەکە کەرگەدەنی خواردوەو چنگێ ئێسک و پروسکی ماوەتەوە، بۆیە چڵە دارێکی شکاندەوەو بە لقە ناسکەکانی لە سەرەوە لە شێری ئەدا، بەڵام شێرەکە بە بای خەیاڵیا نەدەهات و زیاتر لە کەرگەدەن نزیک ئەبویەوە، ویستی پەلاماری بداو بیخوا، ئا لەو کاتە ناسکەدا مەیمون ووتی:
- دۆست و هاوڕێ بۆ ڕۆژێکی وا نەبێ بۆچی باشە؟ من چۆن بە بێ کەرگەدەن بژیم؟ ژیان دوای ئەو

ناخۆشە؟

بۆیە گیانی خۆی کردە قوربانی و لە بەرزایی دارەکەوە بازی دایە خوارەوەو ئەویش هاتە لای کەرگەدەن و هەردوکیان بەرامبەر شێر وەستانەوە.

سەگەکەش لە دورەوە چاوی لێبو کە مەیمون هاتۆتە خوارەوە بۆیە ئەویش بە پەلە هاتەوە بۆلای ئەوان بۆ ئەوەی ئەویش بەرگری بکا و بە هەر سێکیانەوە بەرامبەر شێر بوەستنەوە.

مەیمون لە بەردەم شێرەکە دەستی کرد بە هەڵپەڕین و بەو کارەی شێرەکەی لە کەرگەدەن بێ ئاگا ئەکرد، سەگیش خۆی دایە بەردەم کەرگەدەن بۆ ئەوەی شێرەکە نەیبینێ، کەرگەدەنیش یەکسەر غاری داو کەمە کەمە لە شێر دورکەوتەوە، بە تەواوی خۆی وون کرد، مەیمونەکەو سەگەکە کە زانییان کەرگەدەن بە تەواوی دور کەوتوەتەوە ئەوانیش دەستیان کرد بە هەڵاتن، سەگەکە بە خێرایی ڕای کرد و دیسان خۆی لە چڕایی دارستانا وون کرد، مەیمونیش یەکسەر بازی دایە سەر دارێک و شێرەکەش دەستی لە بەرو دوا بڕا، ئیتر نەیتوانی هیچیان بخوا، بەمجۆرە ئەو سێ ئاژەڵە بە هاوکاری یەکتر گیانی خۆیان لە دەستی دوژمن ڕزگار کرد و دواتر لە ماڵەوە بە یەک شاد بونەوەو وەک جاری جاران بە خۆشی ئەژیان.



## (کورتەی چیرۆکەکە بە هۆنراوە)

کـــەرگــــەدەن و ســـەگـــی جـــوان
مـــەیـــمـــونـــێـــکـــی دارەوان
هـــەرســێ بـــە خـــۆشـــی و شـــادی
ئـــەژیـــــان زۆر بـــــە ئــــــازادی
هـــەر ســێ هـــاوکـــاری یـــەک بـــون
لـــە مـــاڵ و کـــاتـــی دەرچـــــون
ڕۆژێ شـــێـــرێـــکـــی ڕەســـــەن
بـــۆ خـــــواردنـــــی کــــەرگــــەدەن
هــــات ویـــســتـــی ڕاوی بـــکـــا
گـــۆشـــتـــەکـــەی بـــۆ خـــۆی ببـــا
مـــەیـــمـــون وەکـــو پـــاڵـــەوان
لـــە گـــەڵ ســـەگـــا ڕاوەســــتـــان
هـــەرســـێـــکـــیـــان بـــە یـــەکـــەوە
بـــەریـــان بـــە شـــێـــر بـــڕیـــەوە
ڕزگــــــار بـــون لـــە دەس مـــردن
بـــەزانـــدیـــان شـــێـــری دوژمـــن



# (٥)
# ڕێوییە گوێنەبیسەکان

کلیلی ئەم بەشە:

- شێر

+ مەیمون

= ئەسپ

× ڕێوییەکان

:: سەرۆکی ڕێوییەکان

: فیل

یەکێ هەبو، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبو.

لە دارستانێکی چڕو پڕا کۆمەڵێک ئاژەڵ بە خۆشی ئەژیان، ئەم ئاژەڵانە هەمویان لە کاتی بەڵێندانا و ئامادەبون لە ژووانگەدا گوێگرو ڕێک و پێک بوون، هەمویان بەیانیان زوو لە خەو هەڵئەسان بۆ ئەوەی

خواردنی ڕۆژ دابین بکەن، ئەگەر کەسێک بیکردایە بە تەمەڵی و درەنگ هەڵسایە خواردنی دەست نەئەکەوت، ئێوارانیش زوو ئەخەوتن بۆ ئەوەی بتوانن بەیانی زوو لە خەو هەستن، یانی هەمو شتێکیان لە کاتی دیاری کراوی خۆیا جێبەجێ ئەکرد، تەنانەت لە کاتێکا دەبو بچنە خزمەت شێری پاشای دارستان ئەوا لە کاتی دیاری کراوا لە خزمەت شێرا ئامادە ئەبون، چونکە هەرکەس سەرپێچی بکردایەو درەنگ بکەوتایە ئەبو بە خۆراکی مام شێر، بەیانییەکیان نۆرەی مەیمون بوو کە بچێت بۆ لای شێر، شێر لە بەیانی زووەوە چاوەڕوانی مەیمونی ئەکرد، بەڵام مەیمون دواکەوت و دواکەوت، دیار نەبوو، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر سەرو کەلەی مەیمون پەیدا بوو، هاتە خزمەت شێر و زۆر بە ترس و لەرزەوە سڵاوی لێکرد، شێر ووتی:

- هێی مەیمون! ئەوە بۆچی ئەوەندە دواکەوتی؟

مەیمون ووتی:

+ داوای لێبوردن ئەکەم گەورەم! بەخوا دارستانەکە چڕو پڕە، ڕێگەی ماڵی جەنابتانم چەند جار هەڵە کردو بە هەزار حاڵ تا دۆزیمەوە، لەم ڕێگاوە ئەچوم داخرا بوو، لەو ڕێگاوە ئەهاتم هەڵە بوو.....

- زۆربەی ئاژەڵان وا ئەڵێن، دەبێ چارەسەرێک بۆ ئەم ڕێگاو بانە بدۆزینەوە



+ قوربان! به ئەسپ بڵێ چارەسەری بکا، ئەو زۆر باش ڕێگاو بانەکان ئەزانێ و ئەتوانێ ڕێک وپێکیان بکا

- دەی باشە! بڕۆ بانگی ئەسپم بۆ بکە

ئەسپ هاتە خزمەت شێر و مام شێر کێشەکەی لای ئەسپ باس کرد، پێی ووت چارەسەرێکی ئەم ڕێگەوبانەی بۆ بکا

ئەسپ ڕۆشت و بە ووردی ڕێگاوبانەکەی پشکنی بۆ ئەوەی بزانێ چارەسەرەکەی چیەو چۆنە!؟

پاش ماوەیەک ئەسپ هاتەوە بۆ لای شێر بۆ ئەوەی باسی ڕێگاوبانەکەی بۆ بکا

شێر ووتی:

- ها ئەسپی جوان چی بوو؟

ئەسپ ووتی:

= جەنابی شێر! کێشەکە ئەوەیە هەندێک لە ئاژەڵان خانوەکانیان بە شپرزی و ناڕێکی دروست کردوە، لە سەر قەراخی ڕێگاوبانەکانا خانویان دروست کردوە، تەنانەت هەندێکیان لە چەقی ڕێگاکانا خانویان دروست کردوە.

- دەی بڵێ بزانم چارەسەر چیە؟

= من پێم وایە ئەو خانوانە تێک بدرێن و سەر لە نوێ بە شێوەیەکی ڕێک و پێک دروست بکرێنەوە، با

کۆڵانەکان بە شێوەی ئەندازیاری بن، نەک هەرکەسەو بۆ خۆی!

ـ ئەوا بڕیارم دەرکرد کە هەر خانویەک نارێک و لە سەر ڕێگاوبان دروست کراوە بڕوخێنرێ

هەمو ئاژەڵان بڕیارەکەی پاشای دارستانیان پێ گەییشت، ئەسپ بە جوانی هەمو شتێکی بۆ ڕوون کردنەوە، تێیگەیاندن کە ئەبێ خانوەکان بە شێوەی ئەندازیاری و رێک و پێک دروست بکرێنەوەو نابێ لە چەقی ڕێگاوبانەکانا یا خود نزیکی ڕێگاوبان دروست بکرێن

ئاژەڵەکان هەمو بە بڕیاری شێر و قسەکانی ئەسپ ڕازی بون تەنیا کۆمەڵێک ڕێوی گوێنەبیس و لاسار نەبێ

ڕێوییەکان ووتیان:

× ئێمە بەم بڕیارە ڕازی نابین

ئەسپ ڕۆشت بۆ لای ڕێویەکان و لە هەمویان پاڕایەوە بۆ ئەوەی بڕیارەکە جێبەجێ بکەن، چونکە ئەو بڕیارە قازانجی گشتی تیایەو بۆ هەمو لایەک سودی هەیە

ڕێویەکان ووتیان:

× ئێمە هەقمان چیە بەسەر قازانجی گشتی و ئەم شتانە، خانو ڕوخاندن و دروستکردنەوەی سەر لە

نویَ کارێکی گرانەو زەحمەتی زۆری ئەویَ
= من بە ئاژەڵەکانی تر ئەڵێم یارمەتیتان بدەن!
× نامانەویَ
ئەسپ ڕۆشتەوە بۆلای شێرو هەمو شتی وەک خۆی بۆ شێر گێڕایەوە
شێر زۆر توڕە بوو، بڕیاری دا خۆی بڕواو داوا لە ڕێویەکان بکات و هەرکەس سەرپێچی کرد بیخوا!!
ئەو کاتەی کە ویستی بڕوا فیل هات و ووتی:
: ئەوە چیە گەورەم بۆچی وا توڕەی؟
- لە داخی ئەو ڕێوییانە! ئەوانە فرمانی من جێبەجیَ ناکەن و سەرپێچی ئەکەن! ئێستە منیش ئەمەویَ تۆڵەیان لیَ بسەنمەوەو سزایان بدەم!
: سزاکەت چیە؟
- هەرکامیان سەرپێچی بکا ئەیخۆم!
: گەورەم جاریَ پەلە مەکە با من یەک دوو پرسیار لە ئەسپ بکەم
- باشە فەرمو!
فیل بە ئەسپی ووت:
: ئەتوانی بە جۆرێک نەخشەی ڕێگاوبانەکە بکێشی بەلای ماڵی ڕێویەکانا تێنەپەڕیَ؟
= بەڵیَ! بەڵام کارەکە گران ئەکاو هەروا ئاسان نیە!

: دەی کێشە نیە، با نەدا بەلای ماڵی ڕێویەکانا! دوایی خۆیان پەشیمان ئەبنەوە!

ئەسپ نەخشەی ڕێگاوبانی بە جوانی و دور لە ماڵی ڕێوییەکان دارشت، ڕێگاوبان دروست کرا، هات وچۆ زۆر ئاسان بوو، هەمو ئاژەڵان جگە لە ڕێویەکان زۆر بە ئاسانی هات و چۆیان ئەکرد و کەس ڕێگای هەڵە نەئەکرد، بەڵام ڕێوییەکان بەردەوام ڕێگایان هەڵە ئەکرد و بە هەزار نارەحەتی و ناری عەلی ماڵی خۆیان ئەدۆزییەوە

شەوێک باڵندەکان هەواڵی کەوتنەوەی ئاگرێکی گەورەیان بە ئاژەڵان ڕاگەیاند، هەمو ئاژەڵان بە پەلە و بێ دواکەوتن ڕایانکرد و هەرکەس بە ئەندازەی توانای خۆی ئاوی بە ئاگرا ئەکرد

هەمو خانوەکان لە سوتان ڕزگار کران تەنیا ماڵی ڕێوییەکان نەبێ هەرهەموی سوتا، چونکە نە ڕێویەکان گوێبیستی هەواڵەکە بون، نە ئاژەڵەکانیش ئەیانتوانی یارمەتییان بدەن

بەڵێ! ماڵ و خانوی ڕێویەکان هەموی سوتان، زۆربەی ڕێویەکان سوتان و مردن، دوای ئەوەی ڕێوییە مردوەکانیان ناشت فیل و ئەسپ ڕۆشتن بۆ سەردانی ڕێوییە بریندارەکان، سەرۆکی ڕێوییەکانیش بە سەختی بریندار ببو



ئەسپ ووتی:

= سەرەخۆشیتان لێ ئەکەین!

سەرۆکی ڕێوییەکان ووتی:

:: سوپاست ئەکەین جەنابی ئەسپ! ئێستا لە ئامۆژگارییەکانی تۆ تێگەشتم، دەبو بە گوێی تۆمان بکردایە، بەڵام تازە لە دەست دەرچو!

: دەی جەنابی ڕێوی! ئێستا ئامۆژگاریت چیە بۆ ئاژەڵانیتر؟

سەرۆکی ڕێوییەکان بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە ووتی:

:: واز لە لاساری بێنن.... لاساری و گوێنەبیسی ئەبێتە هۆکاری تێک چونی ژیان.



# (٦)
# گای شەڕانی

**کلیلی ئەم بەشە:**

**- مۆرە (گای یەکەم)**

**+ هۆرە (گای دووەم)**

**= کاوە (کوڕی خاوەنی گاکان)**

**: دەستەی ئامادەکاری شەڕە گا**

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو.

خاڵە ڕێبوار جوتیار بوو، زەوییەکانی خۆی ئەکێڵا ، هەمو ڕۆژێک بەیانیان زوو هەڵئەساو ئەڕۆشتە سەر کارەکەی، کاوەی کوڕیشی یارمەتی ئەدا ، خاڵە ڕێبوار دوو گای هەبو بەو دوو گایە زەوییەکانی ئەکێڵا ، ناوی گاکان هۆرە و مۆرە بوو.

مۆرە گایەکی لە سەر خۆ بوو، و زۆر بە باشی جوتی خۆی ئەکرد، زۆر دڵی بە بینینی ئەو هەموە

گژوگیا جوانەو ئەو هەموە گوڵانە خۆش بوو، بەڵام هۆرە لە ژیانی خۆی ڕازی نەبوو، ئەو ژیانێکی خۆشتری ئەویست....

ساڵ تێپەڕی، زستان هات، دوای زستان بەهار هات و جارێکیتر گژوگیا سەوز بویەوە، مۆرە بە هۆرەی ووت:

- هۆرە ! تەماشای ئەو گژوگیا جوانە بکە، ئەها چەندە جوانە!!!

هۆرە ووتی:

+ کوا جوانی لە کوێدایە؟ سەرزەوی هەموی وایە! ئیتر کوا ئێرە جوانە!؟

- ئەی نابینی چەندە نازو نیعمەت لەم ناوەدا زۆرە! ئەی ئەوە نیە ئێرە پڕە لە گژوگیاو لەوەڕو خواردن بۆ خۆمان!!؟

+ کورە ئەوە تۆ چی ئەڵێی؟ ئەم هەموە سەوزایی و گوڵ و گوڵزارە هەموی هی خاڵە ڕێبوارە، خۆ هی من و تۆ نیە!

- هۆرە! چۆن شتی وا ئەبێ؟ ئێمەش لە بەرهەمهێنانی ئەم سەوزایی و گژوگیایەدا بەشدارین، خۆمان زەویمان کێڵاوە، ئێرە ئاوا سەوزو پڕ لە گیا بوە، ئەی ئەوە ئەو هەمو گوڵ و گوڵزارانە ئەکەین؟؟ هەوای پاکا و

سازگار هەڵئەمژین؟ هۆرە تۆ زۆو کورتبینی، بەڵام من ئەو ژیانەم زۆر لا خۆشە!

هۆرە و مۆرە لەم گفت وگۆیەدا بوون کە کاوەی کوڕی خاڵە ڕێبوار هات بۆ لای سەوزاییەکەو چاوی بە هۆرەو مۆرە کەوت، گوێی لە گفت و گۆی نێوان هۆرەو مۆرە بوو

= هۆرە! منیش وەک تۆ چاووم لە ژیانێکی خۆشترە

هۆرە بزەیەکی کرد و ووتی:

+ دەی کاوە گیان چۆن چۆنی ئەم خەونەمان بەدیبهێنین؟

= هۆرە گیان من بیستومە ئەڵێن لە شارا شەڕە گا ئەکرێت، هەر گایەک سەرکەوێ دیارییەکی زۆر بە خۆی و خاوەنەکەی ئەدەن، لەوەش زیاتر گاکە بە تەواوی ناوبانگ پەیدا ئەکا و هەمو مرۆڤەکان و تەنانەت ئاژەڵەکانیش ئەیناسن!!

+ دەی کاوە گیان زووبە با من و تۆش بەشدار بین، من زۆرم حەز لە شەڕو ناوبانگ و دەوڵەمەنییە!

= جارێ پەلە مەکە با بچمە شارو پرسیار بکەم بزانم مەرجەکانی بەشداری چیەو چی نیە!

+ دەی کاوە گیان زووبە، من زۆر تامەزرۆی شەڕو ناوبانگم، زۆر حەزم لەو پێشبڕکێیە هەیە

کاوە ڕۆشت بۆ شارو لای بەڕێوەبەرانی شەڕەگا



ناوی تۆمار کرد، بەڕێوەبەرەکان ووتیان ئەبێ لە پێشدا گاکە ببینین

هۆرە زۆر دڵخۆش بوو، بە دەم هەڵپەڕین و لەقە هاویشتن وهەڵبەز ودابەزینەوە لە گەڵ کاوەدا بەرەو شار کەوتنە ڕێ.

پێش ئەوەی لە ماڵ دەربچن مۆرە بە هۆرەی ووت:

- هۆرە گیان! تۆ پرسیارت کردوە بزانی ئەم پێشبڕکێیە چۆنەو چۆن نیە؟

+ نا بابە پێویست ناکا! مۆرە گیان گرنگ ئەوەیە من ناوبانگ پەیا بکەم

- ئاخر لەوانەیە ناوبانگ پەیا بکەی بەڵام ئەستەمە خۆشبەختی پەیا بکەی!

بەڵێ کاوەو هۆرە ڕۆشتن تا گەشتنە شار، لەوێ خەڵک بە سەرسامییەوە تەماشای هۆرەیان ئەکرد، هۆرە زۆر دڵخۆش بوو، زۆر شانازی بە خۆیەوە ئەکرد، تەواو خۆی بە گەورە ئەزانی، خەڵکەکە هەمو سڵاویان لە هۆرە ئەکرد و دەستیان بۆ بەرز ئەکردەوە، هۆرە ئەوەندەیتر لە خۆی بایی ئەبوو.

پاش ماوەیەک پێشبڕکێ دەستی پێکرد، هۆرە تەواو هەستی بەوە کرد کە لە مەرگەوە نزیک بوەتەوە، چەند جارێک بریندار بوو، دەرمانیان لە برینەکان ئەداو دیسانەوە بۆ شەڕێکیتریان ئامادە ئەکرد، بەڵام هۆرە

شتێکی بۆ دەرکەوت، زۆری لا سەیر بوو کە ئەو هەمو خەڵکە بۆچی هۆرە هان ئەدەن و حەز ئەکەن بجەنگێ و ئەو پیاوە بریندار بکا کە لە گەڵیائەجەنگێ !؟

بەڵام لە گەڵ ئەوەشدا هۆرە هەر سوور بوو لە سەر بردنەوەو ناوبانگ پەیدا کردن

هۆرەیان بۆ شەڕە ئامادە کرد، هۆرە چاوی لێبوو کە پیاوەکە خواحافیزی لە ژن و منداڵەکانی خۆی ئەکرد و پێش ئەوەی بێتە گۆڕەپانی جەنگەوە هەمویانی ماچ کرد.... جەنگ دەستی پێکرد، خەڵک هەمو هاواریان ئەکرد و هۆرە یان بۆ جەنگ هان ئەدا، هۆرە بە هەمو هێزی خۆیەوە شاڵاوی ئەبرد، پیاوەکەش ئەوەستاو پەڕۆ سورەکەی ڕائەوەشاند تا هۆرە تەواو نزیک ئەبویەوەو لە ناکاو خۆی لە هۆرە لا ئەدا هۆرە خەریک ئەبو سەری بڕوا بە خاکا

خەڵک هەمو هوتافیان ئەکێشا

ئەو پیاوەی پەڕۆ سورەکەی ڕا ئەوەشاند ناوی کامەران بوو

کامەران بەرامبەر خەڵکەکە وەستاو تەماشای ئەکردن، هۆرە بە دەرفەتی زانی و بە هەمو هێزیەوە شاڵاوی بۆ برد و قۆچێکی لێدا، کامەران نەیتوانی خۆی لە هۆرە لا بدا، قۆچی هۆرەی بەرکەوت، بە خەستی بریندار بوو، خوین بە لاشەیا هاتە خوارەوە،

سەرو شاخی هۆرەش خوێناوی بوو، کامەران کەوتە سەر زەوی، خەڵک هەمو لە خۆشی هۆرەوە هاواریان ئەکرد و هوتافیان ئەکێشاو لەولاشەوە کامەران گیانی ئەدا.

مناڵەکانی کامەران بە پەلە بەرەو لای کامەران ڕایانکرد و دەستیان کرد بە گریان و باوکیان ماچ ئەکرد، خەڵکیش هەمو های و هویان بو، دەستخۆشیان لە هۆرە ئەکرد

هۆرە چاوی لە گریان و شینی ژن و منالەکانی کامەران بوو، ئیتر بە هۆش خۆی هاتەوەو زانی چی ڕو ئەدا، هۆرە بە خۆی ووت:

+ ئەوە هۆرە چیت کرد؟ ئەوە باشە ئەو منالانەت ئاوا دڵ بریندار کرد؟ ئەوە باشە وات بە کامەران کرد؟ خۆ خەریکە ئەمرێ!؟ ئەی نەفرەت لەو خۆشی و ناوبانگە! هەی نەفرەت لەو پێشبڕکێیە!!؟

هۆرە لە گۆڕەپان ڕۆشتە دەرەوەو دەستەی ئامادەکار هاتن و سەروچاویان سڕی و پیرۆزباییان لێکرد، ووتیان:

: پیرۆزە تۆ سەرکەوتی!

هۆرە ووتی:

+ پیرۆزبایی چیم لێ ئەکەن؟ ئەوەتا من بومە هۆکاری گریانی ئەو ژن و منالانە، ئەوە پیرۆزبایی ئەوێ!

: دەی بەڵێ هۆرە گیان ئیتر ئاوایە!




+ ئێستا لە قسەکانی مۆرە تێئەگەم، ڕاستیکرد بەختەوەری پێش هەمو شتێکە، ناوو ناوبانگ گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە مرۆڤ یان ئاژەڵ سودی گشتییان هەبێ نەک ناوو ناوبانگێ کە لە سەر بناغەی دوژمنکاری و خراپەکاری پەیدا بوبێ، ئەو کەسە بەختەوەرە کە ژیان جوان و خۆش ئەکا، نەک ئەو کەسەی ژیان پڕ بکا لە گریان و تێکی بدا، براوە ئەو کەسەیە بزەو خەندە بخاتە سەر لێوی منالان، نەک ئەو کەسەی منالان بگرێنێ، ئافەرین مۆرە چەند ژیر بووی.

ئامادەکاران هەموویان ئەیانگووت:

: هۆرە ئەوە تۆ چی ئەلێی؟

+ ئەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ مالی خالە ڕێبوار!

: دوبارە ئەتەوێ بچیتەوە بۆ زەوی کیلان! تۆ ئێستا ناوبانگت پەیدا کردوە، تازە بە تازە ئەچیتەوە بۆ زەوی کێلان!!؟؟

+ بەڵێ! زەوی کێلان بەختەوەری تیایە نەک شەڕە گا، من ئەمەوێ هۆکاری خۆشبەختی بم نەک بەدبەختی.

بۆ ڕۆژی دواتر هۆرە لە گەڵ مۆرەدا بە جووتە دەستیان کردەوە بە زەوی کێلان و هۆرە ووتی:

+ ئێستا بۆم ڕوون بویەوە کە بەختەوەری ئەوەیە کە ژیانێکی خۆش بونیاد بنێی.



## (٧)

# خۆشەویسیەکی گەورە

کلیلی ئەم بەشە:

- زەڕافە

= مامز

+ کارمامز (ئەوەی شێر ئەیخوا)

× بێچوە مامز (ئەوەی دایکیان خواردبوو)

هەبو نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبو، بەیانییەک زوو زەڕافەیەک لە ناو دارستانا بە دوای گژوگیاو خواردنا ئەگەڕا، ڕۆشتە سەر کانییەک، لای کانییەکە چاوی بە مامزێ کەوت، مامزەکە زۆر بە ناڕەحەتی ڕێی ئەکرد و تەواو ماندو ببو، چونکە مامزەکە بێچویەکی لە زکا بوو، بەڵام ئەو مامزە تەواو بەختەوەرو خۆشحاڵ بوو، زەڕافەکە بەرەو لای مامزەکە ڕۆشت و سڵاوی لێکرد و ووتی:

- سڵاو لە مازی چاو جوان



مامز ووتی:

= سڵاو لە تۆش زەڕافەی مل بەرز و جوان

- مامز خان لە گەڵ ئەوەی کە زگت تەواو گەورە بوەو زۆر بە نارەحەتی هەڵسوکەوت ئەکەی بەڵام وادیارە زۆر خۆت بە بەختەوەرو خۆشحاڵ ئەزانی!؟

= بەڵێ ڕاست ئەکەی وایە، من هەمو جارێک مامزەکانی دۆست و ئاشنای خۆم ئەبینی لە گەڵ بێچوەکانیانا یارییان ئەکرد و دڵخۆش بون، بۆیە منیش زۆر لە مێژە چاوەڕێم خوای گەورە بێچویەکی جوانم پێ ببەخشێ و ببێتە مایەی دڵخۆش بونم، وا ئێستاش خەریکە خوای گەورە بە ئاواتی خۆمم ئەگەیەنێت

- دەی هیـوادارم بە ئاسانی کارمازێکی زۆر چاوجوانت ببێ!

مامزەکە بزەیەکی کرد و ووتی:

= زۆر سوپاس زەڕافەی خۆشەویس!

دوای چەند ڕۆژێک مامزەکە بێچویەکی زۆر جوانی بوو، زۆر دڵی بە بێچوەکەی خۆش بوو، ئاژەڵەکانی ناسیاوی هەمویان بە مەبەستی پیرۆزبایی سەریان لە مامز ئەدا، مامزیش ئەیووت:

= زۆر سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئەم بێچوە چاو جوانەی پێ بەخشیووم، من مناڵم زۆر خۆشەوی و پێم

خۆشە يارييان لە گەڵا بكەم، منالّ گوڵی نێو ژيانی دايک و باوكە.... ئاژەڵەكانيش هەمويان بە قسەی مامزەكە دڵخۆش بون و پێكەنين و ووتيان: ڕاست ئەكەی!

دايكە مامز هەمو ڕۆژێک بە باشی چاودێری بێچوە جوانەكەی ئەكرد و شيرو خواردنی پێ ئەدا، ياری لە گەڵا ئەكرد، لايە لايەی بۆ ئەكرد، ئەيلاواندەوە، گۆرانی بۆ ئەووت، چيرۆكی خۆشی بۆ ئەگێڕايەوە، ئەيخەواند

ڕۆژگار تێئەپەڕی و بێچوە جوانەكە وردە وردە گەورە ئەبو، دايكە مامزيش هەمو ڕۆژێ ئامۆژگاری بێچوەكەی ئەكرد و پێی ئەووت:

= هەرگيز بە تەنيا نەچيتە دەرەوە، چونكە دارستانەكە گەورەيەو چڕوپڕەو ئاژەڵی دڕندەشی تيايە، ئەگەر ڕێگەی ماڵەوە وون بكەی دڕندەكان ئەتخۆن!!

بێچوە جوانەكە جار جار لاساری ئەكرد و بە گوێی دايكی نەدەكرد، بە تەنيا ئەڕۆشتە دەرەوە، بەڵام دايكی بە پەلە ئەڕۆشت و بۆ ماڵی ئەهێنايەوە، تاكو ڕۆژێكيان......

دايكە مامز خەوی لێكەوتبوو، كارمازيش بە هەلی زانی و ووتی:

+ با ئەمڕۆ بە ئـارەزوی خۆم بڕۆمە دەرەوە... کارمامز بە دەم هەڵپەڕین و یاری کردن و ڕاکردن لە ماڵ دوور کەوتەوە

ئەو ڕوداوەی کە دایکی لێی ئەترسا ڕوویـدا، کارمامز ڕێگای ماڵی خۆیانی وون کرد، هەر ڕۆشت و ڕۆشت تا سەری لە دارستانی چڕو پڕی شێرەکانەوە دەرچو، کاتێک بە ئاگا هاتەوە تەماشای کرد هەر چوار دەوری گیراوەو لە هەمو لایەکەوە شێرێکی برسی دانیشتوەو چاوەڕێن کارماز بخۆن

ئا لەم کاتەدا دایکی کارمامز بە ئاگا هاتەوەو تەماشای کرد بێچوەکەی دیار نیە، دڵی کەوتە تەپە تەپ و دەستی کرد بە گەڕان بە دوای بێچوەکەیا، ئەملا کارماز، ئەولا کار مامز، نەخێر کارماز لە هێچ کوێیەک دیار نەبو، بەڵام جێگە پێی کارمامزی دۆزییەوە، دایکە مامز شوێن پێی بێچوەکەی گرتە بەر و هەر ڕۆشت، کاتێکی بینی سێ چوار شێر خەریکن کارمامز ئەخۆن، کارمامز لە گیاندانا بوو، خەریک بو ئەمرد، دایکە مامز زۆر لە شێرەکان پاڕایەوە تا بێچوەکەی ڕزگار بکەن، بەڵام بێسود بوو، دایکە مامز زۆر گریا، بەڵام گریان سودی نەبو، بۆیە بڕیاریدا ئەویش بچێتە بەردەم شێرەکان بۆ ئەوەی بێچوەکەی ڕزگار بکا

زەڕافەکە ووتی:

- مامزی هاوڕێ شتی وا نەکەی، ئەوانە زۆرن، بەهێزن، برسین، تۆش ئەخۆن!!

دایکە مامز ووتی:

= نەخێر هەر ئەچم!

زەرافەش بەرگری لێئەکرد، بۆ ئەوەی شێرەکان ئەویش نەخۆن

دایکە مامز ئەیووت:

= من ئیتر ژیانم بەلاوە گرنگ نیە، یان بێچوەکەم ڕزگار ئەکەم یان منیش ئەخۆن! ناتوانم تەماشای ئەو دیمەنە ناخۆشە بکەم

- نا قسەی وا مەکە، سوپاسی خودا بکە و خۆڕاگر بە!

= سوپاس بۆ خوای مەزن، بەڵام من تازە بڕیاری خۆم داوەو ئەبێ بچمە بەردەم شێرەکان، یان بێچوەکەم ڕزگار ئەکەم یان منیش ئەخۆن.

زەڕافە ئەیزانی ئەگەر دایکە مامز بڕواتە بەردەم شیرەکان لە سەدا سەد ئەویش ئەخۆن، چونکە ئەو بە تاک و تەنیا چاری ئەو هەموە شێرە دڕندە برسییەی نەدەکرد، بۆیە بە دایکە مامزی ووت:

- ئەوە تۆ شێت بووی!! خۆشت ئەزانی چی ئەڵێی؟!

دایەمامزیش هەر سور بوو لە سەر ئەوەی بڕواو

ئەیووت:

= گرنگ نیە با منیش بخۆن! من تـازە بەبێ بێچوەکەم ژیانم ناوێ، با منیش بچمە نێو وورگی شێرەکانەوەو لە گەڵ بێچوەکەما بم.

زەڕافـەکـە بانگی ئاژەڵەکانیتری کـرد و بە هەمویانەوە دایکە مامزیان هێنایەوە بۆ ماڵ و ببونە پاسەوان بۆ ئەوەی دایکە مامز نەڕوا بۆ لای شێرەکان

ڕۆژێـک بەیانی زوو دایـکـە مامز پێش هەمو ئاژەڵەکان لە خەو خەبەری بویەوەو بە هەلی زانی بۆ ئەوەی بڕواو خۆی بە دەرخواردی شێرەکان بدا، بە پەلە بۆی دەرچو، بەڵام لە ڕێگا نزیک شێرەکان چاوی بە بێچوە مامزێک کەوت، ڕێک لە تەمەنی بێچوەکەی خۆیا بوو، ووتی:

= بێچوی چاوجوان ئەوە چی ئەکەی لێرە؟

بێچوەکە بە دەم گریانەوە ووتی:

× وەڵلا ئەو شێلانە دایکی منیان خوالدوە، منیش ئەلۆم با ئەوان بمخۆن بلۆم بۆ لای دایکم، من بیلی دایکم ئەکەمەوە، بلسیمە کەس نیە شیلم بداتێ، کەس نیە لای لایەم بۆ بکا، کەس نیە گۆلانیم بۆ بلێ، دایکم ملدۆە با منیش بملم!!

= نا ڕۆڵە کاری وا نەکەی

بێچوەکە ئەیووت:

× نا وازم لێ بێنە با بلۆم، من تازە بە بێ دایکم ژیانم بۆ چیە؟ با بملم! لێمگەلێ!


= نا من ناهێڵم تۆش بڕۆی و ئەو دڕندانە بتخۆن، من ئەبم بە دایکی تۆ، ئەو شێرانە ماوەیەک لەمەوپێش بێچوەکەی منیان خوارد، تۆ ئەکەمە بێچوی خۆم و منیش ئەبم بە دایک بۆ تۆ!

دایکە مامز دەستی ئەو بێچوە جوانەی گرت و بەرەو ماڵی خۆیان گەڕایەوە، کاتێک لە ماڵ نزیک بویەوە تەماشا ئەکا ئاژەڵەکانی هاوڕێی هەمویان پەشۆکاون و بە دوای ئەما ئەگەڕێن، بۆیە لە دوورەوە هاوای کرد و ووتی:

= من ژیانم خۆش ئەوێ، تازە نامەوێ بمرم، من ئەبێ بژیم و ئەم بێچوە جوانە گەورە بکەم.

جارێکیتر بزە کەوتەوە سەر لێوی هەمو ئاژەڵەکان و بە تایبەت دایکە مامز و بێچوەکە.





# (٨)
# کەروێشکی ئازا

یەکێ هەبو، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبو.

لە دارستانێکا کۆمەڵێک ئاژەڵ بە خۆشی بە یەکەوە ئەژیان، زۆر بە ژیانی خۆیان دڵخۆش بوون، هیچکەس ستەمی لە هیچ کەسێکیتر نەدەکرد، ڕۆژگار تێپەڕی، ڕۆژێک شێرێکی دڕندە لەو ناوە پەیدا بوو، دەستی کرد بە ڕاوە ئاژەڵ، ژیانی لەو دارستانە تێکدا، خۆشی جاران نەما، هیچ کەس بە خۆشی و بێ ترس و لەرز لە ماڵ نەدەچوە دەرەوە، شێرەکە هەر ڕۆژەو ئاژەڵێکی ئەخوارد، بۆیە ئاژەڵەکان هەمویان کۆبونەوە بۆ ئەوەی ڕێگە چارەیەک بدۆزنەوە، کەروێشک دیار نەبوو، ئاژەڵەکان بڕیاریاندا کە هەر ڕۆژەو ئاژەڵێک خۆی بە پێی خۆی بڕوا بۆ لای شێر و شێر بیخوا بۆ ئەوەی هەمویان نەترسن، هەر ڕۆژەو ئاژەڵێک

بترسێ، ڕۆشتن بۆ لای شێر و پێیان ووت: جەنابی شێر! ئێمە هەمو ڕۆژێک لە ترسی تۆ ناوێرین لە ماڵ بێینە دەرێ، ئەترسین بمانخۆی، ئێمە بڕیارمانداوە ئەگەر جەنابت ڕازی بی هەر ڕۆژەو یەکێکمان بێین و بمانخۆی با هەمومان نەترسین، تەنیا ئەو ئاژەڵە بترسێ کە سەرەی هاتوە بۆ ئەوەی تۆ بیخۆی!

شێر ووتی: باشە من بەو کارە ڕازی ئەبم، بەڵام بەو مەرجەی سەرەی هەرکەس بو کە من بیخۆم دوا نەکەوێت و خۆی بێتە بەردەمم.

ئاژەڵەکان ووتیان: بە سەرچاو

لەو ڕۆژە بە دواوە هەر ڕۆژەو ئاژەڵێک دەبوا بڕوا بۆ ماڵی شێر و مام شێر بیخوا

تیر و پشک بۆ هەرکەس دەربچوایە خۆی بە پێی خۆی ئەڕۆشت و شێر ئەیخوارد

ڕۆژگار هات و تێپەڕی، ڕۆژێک تیرو پشک بە ناوی دوو کەروێشکەوە دەرچو، پێیان ڕاگەیاندن کە بەیانی خۆیان بە پێی خۆیان بڕۆن بۆ لای شێر بۆ ئەوەی شێر بیانخوا

یەکێک لە کەروێشکەکان ووتی: جا من چۆن کاری وا ئەکەم! من چۆن خۆم بە پێی خۆم بڕۆم بۆ ئەوەی شێر بمخوا!

هەمو ئاژەڵەکان لێی تورە بون و ووتیان: ئێمە

بەڵێنمان بە شێر داوەو نابێ پەیمان و بەڵێنی خۆمان بشکێنین!

کەروێشک ووتی: ئێوە وازی لێبێنن بۆ خۆم، من ئەو شێرە ستەمکارەتان لە کۆڵ ئەکەمەوەو ئەیکوژم!

ئاژەڵەکان هەمویان لە لایەکەوە پێ ئەکەنین و لە لایەکیشەوە سەرکۆنەی کەوروێشکیان ئەکرد و پێیان ئەووت کە نەبێتە هۆکاری تورە بوونی شێر!

کەورێشکی ئازا ووتی: ئێوە هەقتان چیە! ناتانەوێ شێرتان لە کۆڵ بکەمەوەو بیکوژم!؟

ئاژەڵەکان بەو قسەیەی کەروێشک زیاتر پێکەنین و دوای پێکەنین تورەش بوون

کەروێشک ووتی: باشە ئێوە بڕۆنەوە بۆ ماڵی خۆتان و من بەیانی بە پێی خۆم ئەڕۆم بۆ ئەوەی شێرەکە بمخوا

بۆ بەیانی کەروێشکی زانا و ووشیار بە کەروێشکەهاوڕێکەی خۆی ووت: تۆ دانیشە و مەیە بۆ لای شێر

خۆیشی بۆ ماوەیەکی زۆر دواکەوت و نەڕۆشت بۆ لای شێر

شێر زۆر چاوەڕوان بو نێچیرەکەی بە پێی خۆی بێت و بیخوا، بەڵام هیچ دیار نەبو، زگی لە برسا قوڕەی ئەهات، تەواو توورە ببو، هەر ئەملاو ئەولای

ئەکرد و لە بەر خۆیەوە هەڕەشەو گوڕەشەی لە ئاژەڵەکان ئەکرد

لە ناکاو کەروێشکێکی بچکۆلانە دەرکەوت و سڵاوی لە شێر کرد

شێر وەڵامی سەلامی کەروێشکی نەدایەوەو بە توڕەییەوە پێی ووت: ئەوە بۆ دواکەوتی؟ ئەی کەروێشکەکەی تر لە کوێیە؟ خۆ من بە تۆ تێر نابم!

کەروێشک بە دەم هەسک و هوڕەوە خۆی دەلەرزاند بە جۆرێک خۆی پیشان ئەدا کە زۆر ترساوە، شێر ووتی: ئەوە بۆچی هەمو گیانت ئەلەرزێ ؟ چی قەوماوە؟

کەروێشک ووتی: قوربان! من و هاوڕێکەم بەیانی زوو لە ماڵ هاتینە دەر بۆ ئەوەی بێین و تۆ بمانخۆی، بەڵام ......

شێر ووتی: دەی بڵێ، بەڵام چی؟

کەروێشکی ووشیارو زانا ووتی: قوربان لەو سەری دارستانەوە شێرێکیتر پەیدا بوەو کەروێشکی هاوڕێی منی ڕاو کردو بردی

منیش زۆرم قیڕاند و ووتم: من و ئەم هاوڕێمە ئەمڕۆ ئەبێ ببینە نێچیری شێری پاشای دارستان، بەڵام.....

شێر ووتی: دەی بڵێ! بەڵام چی؟

کەروێشک ووتی: قوربان شەرم ئەکەم بیڵێم!



شێر ووتی: دەی زووبە بیڵێ، چی ووت؟
کەروێشک ووتی: قوربان ئەو .....
شێر ووتی: چی ؟ زووبە بیڵێ!
کەروێشک ووتی: ئەو شێرە هیچ حسابی بۆ تۆ نەکرد و ووتی: ئەو شێرە شێرێکی خوێڕی و ترسنۆکەو من هیچ نرخێکی بۆ دانانێم و خۆم ئەبمە پاشای دارستان

شێر بە بیستنی ئەم قسەیە تـەواو تـوڕە بو، ئەوەندە توڕە بو کە بەرچاوی ڕەش ببو، لە داخا هەر بە چوار دەوری خۆیا ئەسوڕایەوە

بە کەروێشکی ووت: ئەو شێرە لە کوێیە نیشانم بدە!

کەروێشک ووتی: گەورەم لە بیرێکی قوڵا ئەژی لەو سەر دارستان

شێر ووتی: ورەو پیشانم بدە

کەورێشک ووتی: ئاخر من ناوێرم بێم ئەو شێرە زۆر ترسناکەو زۆر زیرەک و دڕندەیە

شێر بە بیستنی ئەم قسەیە ئەوەندەیتر توڕە بوو، بە کەروێشکی ووت: ئەبێ هەر بێیت و نیشانم بدەی، بە یەک چنگ لێدان ئەیکوژم، لەم دارستانە تەنیا من پاشام، هیچ کەس بۆی نیە ناوی پاشایی ببا

کەورێشک ووتی: دەی باشە گەورەم تۆ لە پێشەوە





برۆ منیش بە دواتا دێم
شێر پێشکەوت و کەروێشکیش کەمێک لە دواوە ئەڕۆشت و بەدەم ڕۆشتنەوە ڕێگای پیشانی شێر ئەدا
کەروێشک شێری برد بۆ لای بیرێکی قوڵ کە لەوسەری دارستان بوو، ووتی: گەورەم! ئەوە ماڵی شێرەکەی ترە، لەو بیرەدا ئەژی
شێر ووتی: باشە وەرە با بڕۆین بزانم چی ووتوە لای خۆیا بۆم بگێڕەوە
کەروێشک ووتی: ئاخر من ناوێرم، ئەمخوا!
شێر ووتی: نا ئەبێ هەر بێی، تا من وەستابم کەس ناتوانێ تۆ بخوا
کەوریێشک ووتی: باشە!
کەروێشک و شێر هەردو ڕۆشتنە لای لێواری بیرەکە، بیرەکە کەمێکی نەبێ ئەویتری پڕبو لە ئاو، وێنەی شێرەکەو کەروێشکەکە لە ناو ئاوەکە دەرچوو
کەروێشک وتی: گەورەم ئەوە شێرەکەیە، ئەوەش کەروێشکی هاوڕێمە کە لە تەنیشت شێرەکەوە دانیشتوە
شێر بە بینینی ئەو دیمەنە تەواو بڕوای بە قسەی کەروێشک کرد و تەواو توڕە بو، خۆی هەڵدایە ناو بیرەکە بۆ ئەوەی شێرەکەیتر ( کە لە ڕاستیا وێنەی خۆی بو) بکوژێت
شێر کەوتە ناو بیرە ئاو، لەوێ بۆی دەرکەوت

کە شێرەکەیتر وێنەی خۆی بوە، بەڵام هەرچی کرد نەیتوانی بێتە دەرەوەو لە ناو بیری ئاودا خنکا

کەروێشکی ئازاو ووریاش گەڕایەوە بۆ دارستان و موژدەی بە ئاژەڵەکان دا کە ئیتر لەمڕۆ بەدواوە کەس ناتوانێ ستەمتان لێ بکا

ئاژەڵەکان هەمویان بۆیان دەرکەوت کە ژیری بە گەورەیی و بچوکی نیە

هەمویان بڕیاریاندا کە کەروێشکی ووریا بکەن بە گەورەو سەرۆکی خۆیان و لە قسەی دەرنەچن

جارێکیتر ژیانی خۆش ڕوی کردەوە دارستان و ئاژەڵەکان بە خۆشی درێژەیان بە ژیان دا.





# (٩)
# نرخی ئازادیی

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو.

سەیارەیەک پڕ بوو لە ڕاوچی و گەشتە کەنار دارستان، ڕاوچیەکان ویستیان بچنە نێو دارستانەوە، بەڵام چەند ئاژەڵێکی زیرەک بونە پاسەوانی دارستانەکەو نەیانهێشت ڕاوچیەکان بچنە ناو دارستانەکەوە، گەورەی ڕاوچیەکان فرمانی کرد کە لەوە زیاتر نەچنە پێشەوە کەمێکیش بۆ دوا بگەڕێنەوە.

سەرۆکی ڕاوچیەکان خۆی بە تەنیا لە کەناری دارستان نزیک بویەوەو بانگی ئەو ئاژەڵانەی کرد کە پاسەوان بوون و ووتی: ئەمەوێ لە گەڵ سەرۆکی دارستانا گفت وگۆ بکەم؟

پڵنگ ووتی: بۆچی؟

- ئەمەوێ شتێکی پێ بڵێم

+ بەو مەرجەی چەک و چۆڵەکەت دابنێی و بە بێ چەک بێیتە ژورەوە

- باشە چەک دائەنێم و بێ چەک دێمە ژورەوە

+ پەلە مەکە با کەسێک بنێرم بۆ لای جەنابی شێر بزانم ڕازیە گفت و گۆت لە گەڵا بکا؟

پڵنگ مەیمونی نارد بۆ لای شێر و پێی ڕاگەیاند کە سەرۆکی ڕاوچیەکان ئەیەوێ بتنینێ

شێر ووتی: کێشە نیە با بێت

سەرۆکی ڕاوچیەکان لە گەڵ پڵنگا ڕۆشتن بۆ لای شێری پاشای دارستان

شێر بە توڕەییەوە ووتی: پاسەوانەکانی ئێمە ووریاو چاو کراوەن!

ڕاوچیەکە ووتی: ئێمە بۆ ئەوە نەهاتووین ڕاو بکەین!

- ئەی بۆچی هاتوون؟

+ ئێمە باخچەی ئاژەڵانمان هەیەو بۆیە هاتوین هەندێک ئاژەڵ ببەین بۆ ئەوێ لە باخچەکەی ئێمە بژین

- دەی ئێوە چ سودێکی لێ وەرئەگرن؟

+ مرۆڤەکان دێن و منالەکانیشیان دێنن و تەماشای ئاژەڵەکان ئەکەن و خۆشحاڵ ئەبن، لە بەرابەریشا بڕە پارەیەک ئەدەن بە خاوەنی باخچەکە، خاوەنی

باخچەکەش بەو پارەیە خواردەمەنی بۆ ئاژەڵەکانی ناو باخچە دابین ئەکات و ئیتر پێویست ناکا بە دوای خواردنا بگەڕێن و خۆیان ماندووو بکەن!

شێر ووتی: ئەمە زۆر باشە! من هەندێ ئاژەڵتان بۆ ئەنێرم تا مانگێک و پاش مانگەکە ئەوان بینەوەو هەندێکیتر ئەنێرم، بەو جۆرە با هەمو ئاژەڵەکان لەو خۆشییە بەشدار بن

ڕاوچی ووتی: نا جەنابی شێر ئاوا نابێ!

شێر ووتی: ئەی چۆن؟

- ئەو ئاژەڵانەی دێن بۆ لای ئێمە ئیتر هەرگیز ناگەڕێنەوە بۆ دارستان تەنانەت بێچوەکانیشیان هەر لای ئێمە ئەمێننەوە

+ ئەمە کارێکی بقەیەو من هیچ ئاژەڵێک ناچار ناکەم بێت بۆ لای ئێوە

- ئەی چارە چیە؟

+ من هەندێ ئاژەڵ بانگ ئەکەم سەرپشکیان ئەکەم، هاتن و نەهاتن بە دەست خۆیان بێت نەک بە ناچاری!

- بۆچی نا جەنابی شێر ؟

+ بەڵام نەکەی بەڵێنی شتێک بدەیت و جێبەجێ نەکەی؟

- باشە بە سەرچاو

شێر بانگی هەندێ مەیمونی کرد و بابەتەکەی بە

درێژی باس کرد و سەرپشکی کردن و ووتی: ڕاتان چیە؟

مەیمونێک ووتی: هەرکەس بڕوا ئیتر بۆ هەتا هەتایە ناگەڕێتەوە بۆ دارستان؟

ڕاوچی ووتی: بەڵێ وایە جارێکیتر ناگەڕێتەوە، بەڵام لەوێ ژیانی زۆر خۆش ئەبێ، خواردن زۆر زۆرە، قەفەسی خۆش و باش هەیە

- چی قەفەسی خۆش و باش!؟ دەی بڵێ زیندانێکی خۆش!

+ نا نا وانیە، ئەو قەفەسە بۆ ئەوەیە کە ئاژەڵەکان نەتوانن ئازاری مرۆڤەکان بدەن

- نا بە پێچەوانەوە، ئەوە مرۆڤەکانن کە ئازاری ئاژەڵەکان ئەدەن، تۆو هاوڕێکانت هاتون بۆ ئێرەو چەکتان هەڵگرتوە، بەڵام تا ئێستا هیچ ئاژەڵێک نەچوەتە سەر ماڵی مرۆڤەکان و ئازاریان بدا، ئێوە ئەتانەوێ ئەو ئازادییەی کە هەمانە بیگۆڕینەوە بە بڕێک خواردن!

شێر ووتی: مەیمون پەلە مەکە، با بۆچونێکیتر بخەینە بەردەم جەنابی ڕاوچی

ڕاوچی ووتی: فەرمو جەنابی شێر!

- من ئەمەوێ هەندێ ئاژەڵ لە گەڵ ئێوەدا بنێرم بۆ باخچەکەو خۆیان پرسیار لە ئاژەڵەکانی نێو باخچە بکەن بزانن ژیانن خۆشە یان ناخۆش، بەڵام ئەبێ

ئێوەش چەند ڕاوچیەک وەک بارمتە لێرە بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی ئاژەڵەکان بە سەلامەتی بێننەوە بۆمان!

+ باشە من ڕازیم


ڕاوچیەکە هەندێ ئاژەڵی لە گەڵ خۆیا برد بۆ ئەوەی خۆیان پرسیار لە ئاژەڵەکانی نێو باخچەکە بکەن

دوای چەند ڕۆژێک ئاژەڵەکان گەڕانەوە بۆ دارستان و ڕۆشتن بۆ لای جەنابی شێر

شێر ووتی: دەی بزانم چیتان بینی و ڕاتان چیە؟

هەمو ئاژەڵەکان بە کۆی دەنگ ووتیان: ئەگەر سەد جار لە برسا بمرین لەوە باشترە لە زیندانی نێو باخچەی ئاژەڵانا بژین.





# (١٠)
# کەرگەدەنی قرچۆک

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو، هیچ هەر نەبوو

لە دارستانێکا کەرگەدەنێک ئەژیا، ئێوارەیەک تەماشای نێو عەمبارە پڕ لە گیاکەی خۆی کرد و هەستی بە بەختەوەری کرد و ووتی: زۆر باشە! ئێستا لەم ڕۆژانـەدا گژوگیا تەواو کەم بوەتەوەو بارانیش نابارێ، منیش گژوگیام لە عەمبارا زۆرەو بۆ خۆم بە بەختەوەری ئەژیم

بەیانیەک ئاسکێک لە خەو هەستا، زۆری برسی بوو، هیچ خواردنی لە ماڵا نەبو، ووتی وا باشە بڕۆم بۆ لای زەڕافـەو کەمێک ئاڵفی لا بخۆم با لە برسا نەمرم، ئاسکی چاوجوان ڕۆشت و لە دەرگای ماڵی زەڕافـەی دا، زەڕافـە دەرگـای بۆ کـردەوەو ئاسکەکە سلاوێکی لە زەڕافە کرد و ووتی: زۆر داوای لێبوردن ئەکەم کە بەم بەیانیە زوو هاتوم بۆ ماڵی ئێوەو

بێزارتان ئەکەم، بەڵام چیبکەم برسیمە و هیچ گژوگیام لا نیە، ئەگەر هەتانە کەمێک گژوگیاو ئاڵفم بدەرێ با بیخۆم

هەردوچاوی زەڕافە پڕ بو لە فرمێسک و ووتی: ئەی یا خوا بەخێربێی ئاسکی ناسک! بەخوا منیش دوو ڕۆژە هیچم نەخواردوەو وەک تۆ گژوگیام لێ بڕاوە، وەرە با بە یەکەوە بڕۆین و بە دوای خواردنا بگەڕێین.

ئاسک و زەڕافە پێکەوە دەستیان کرد بە گەڕان بە دوای گژوگیاو ئاڵفدا، دایان بە لای ماڵی مەیمونا، داوای خواردنیان لە مەیمون کرد، مەیمون ووتی: وەرن، کەمێک مۆز و هەندێک پاقلەم لایە با بە یەکەوە بیخۆین.

زەڕافەو ئاسک ووتیان: زۆر سوپاس ئێمە مۆز و پاقلە ناخۆین، تەنیا گیا ئەخۆین.

ئاسک ووتی: وەرە زەڕافە گیان با بڕۆین بۆ ماڵی کەرگەدەن، بەڵکو ئەو شتێکی لابێ!

ڕۆشتن و دایان لە دەرگای ماڵی کەرگەدەن و سڵاویان لێکرد

کەرگەدەن وەڵامی سڵاوی دایەوەو زۆر بە چاوێکی پڕ لە ڕژدی و قرچۆکییەوە تەماشای میوانەکانی ئەکرد

زەڕافەو ئاسک ووتیان: کەرگەدەن! هیچ گژوگیایەکت هەیە بۆ خواردن؟ ئێمە زۆرمان برسییە!

کەرگەدەن خۆی زۆر بە لاوازی و برسی نیشان داو بە دەنگێکی کزۆڵانەوە ووتی: من گژوگیام لە کوێ بوو، خۆتان ئەزانن ئەم ڕۆژانە باران نابارێ و گیا سەوز نەبوە.

میوانەکان ووتیان: باشە زۆر سوپاس بۆ تۆ

کەرگەدەن ووتی: ببورن کە هیچم نەبوو

زەڕافەو ئاسک لێیاندا ڕۆشتن و کەرگەدەنیان بەجێهێشت، بەڵام زۆر لاواز و برسی بوون، کەرگەدەنیش لە دواوە تەماشای ئەکردن و لە بەر خۆیەوە ئەیووت: کورە بڕۆن وازم لێ بێنن! با من بۆ خۆم بژیم، خواردنی چی و گیای چی؟

دوایی خۆی بە خۆی ووت: باشە ئەگەر ئەوانە لەو گژوگیایەی من بخۆن من چ سودێک ئەبینم؟ ئەگەر هەموشیان لە برسا بمرن من چ زیانێکم لێ ئەکەوێ؟ من گژوگیام زۆرەو برسی نابم، پێویستم بە هیچ کەس نیە، هێی من چەندە بەختەوەرم!

زەڕافەو ئاسکی ناسک ڕۆشتن بۆ قەراخ ڕوبارەکەی نێو دارستان بۆ ئەوەی ئاو بخۆنەوە، ئەسپی ئاوی چاوی پێیان کەوت و ووتی:

ئەوە بۆ واتان بە سەر هاتوە؟ بۆچی ئەوەندە لاواز بون؟

ئەوانیش ووتیان: کورە ئەسپە گیان ئەوە دوو

ڕۆژە هیچمان نەخواردوەو برسیمانە، باران نابارێ و گیا سەوز نابێ!

ئەسپی ئاوی ووتی: هەندێ گیای ئاوی لە قوراخ ڕووبارەکە هەیە، ئەگەر ئەیخۆن با بچم بۆتان بهێنم؟

ووتیان: بەڵێ زۆر ئاساییە، ئێمە زۆرمان برسییە

ئەسپی ئاوی ووتی: باشە وا ئەڕۆم بۆتان ئەهێنم، بەڵکو بتوانم زۆرتان بۆ بهێنم!

ئەسپی ئاوی ڕۆشت و دەستی کرد بە گیا کۆ کردنەوە، پاشان هاتەوە بۆ لای زەڕافەو ئاسک و ووتی: فەرمون بخۆن، هەر ئەوەندەم دەستکەوت، بەڵکو تێرتان بکا!

ئەوانیش ووتیان: زۆر سوپاس بۆ تۆ! ئەی ئەسپی ئاوی میهرەبان! ئەم خواردنە تۆ هێناوتە زۆرەو تێرمان ئەکا، هەرچییەکیشی لێ مایەوە ئەیبەین بۆ هاوڕێکانمان، ئەوانیش وەک ئێمە برسین.

ئەسپی ئاوی ووتی: زۆر باشە! ئەمە بیرۆکەیەکی نایابە، کەوابو من و هاوڕێکانم ئەگەڕێین و بڕێکی زۆر خواردەمەنی کۆ ئەکەینەوە بۆ ئەو ئاژەڵانەی کە وەک ئێوە برسین، ژیان بە یارمەتیدان و هاوڕێیەتییەوە خۆشە، من ئەگەر بزانم ئاژەڵانیتر برسییانەو هیچ نیە بیخۆن ئەوا هەرگیز تام و چێژ لە خواردنی زۆر خۆشیش وەرناگرم، هەرچیم لە دەست بێ دریغی

ناکەم و یارمەتی هاوڕێیان ئەدەم.

زەڕافەو ئاسکی ناسک بە ئەسپی ئاوییان ووت: خوا پاداشتی چاکەکانت بداتەوە ئەی دۆستی میهرەبان!

ئەسپی ئاوی ڕۆشت و هەمو ئەسپە ئاوییەکانیتری ئاگادار کردەوەو باسەکەی بۆ گێڕانەوە، داوای لێکردن بە هەمویانەوە بگەڕێن و بڕێکی زۆر گیای نێو ئاو کۆ بکەنەوە بۆ ئاژەڵە برسییەکان و لە کەنار ئاوەکەدا دایبنێن بۆ ئەوەی هەر ئاژەڵێک برسی بوو خۆی بێت و لێی بخوا، بۆ ئەم مەبەستە تیمێکی گەورەیان پێکهێناو دەستیانکرد بە گەڕان بە دوای گیای نێو ئاو، ئەم کارەی ئەسپەئاوییەکان لە دارستانا دەنگی دایەوەو ترسی برسی بون لە نێو ئاژەڵان بەسەر چوو، دوای چەند ڕۆژێکی کەم بارانێکی بە لێزمەو خوڕڕەم باری، زەوی تێراو بوو، گیا سەوز بوو، هەرچی گیای وشکیش لە کۆگای کەرگەدەنا بوو هەرهەموی تەڕ بوو و دوای یەک دوو ڕۆژ هەموی گەنی و خراپ بوو، بۆنی کرد، لە گەڵ ئەوەشدا کەرگەدەنی پیسۆک و قرچۆک هێشتا لەو گیا گەنیوو ڕزیوانەی ئەخوارد، لە بەر ئەوە نەخۆش کەوت و بە هۆی نەخۆشییەوە کفت و کەلەلا بوو، بۆیە نەیئەتوانی لە ماڵ بێتە دەرەوە

ئاژەڵەکانیتر هەمویان لە خۆشی ئەو بارانەو سەوز بونی گژوگیا ئەهاتنە دەرو سوپاسی خوایان



ئەکرد و شادییان ئەگێڕا، دڵیان پڕ بوو لە خۆشی و شادمانی، پیرۆزباییان لە یەکتر ئەکرد، بەڵام مەیمون هەستی کرد کە لە نێو ئاژەڵانا کەرگەدەن دیار نیە، مەیمون ووتی: ئەوە ئەمڕۆ کەس کەرگەدەنی دیوە؟ ئاسک ووتی: نەخێر! ماوەیەکی زۆرە نەمدیوە

مەیمون ووتی: نابێ! چۆن ئەبێ کەرگەدەن لەم خۆشی و شادمانیەدا ئامادە نەبێت!

هەمو ئاژەڵان ووتیان: مەیمون ڕاست ئەکا! چۆن کەرگەدەن لەم خۆشیە گەورەیە بەشدار نیە؟

مەیمون ووتی: دەی با بڕۆین بۆ ماڵی کەرگەدەن هەواڵێکی بپرسین!

چەند ئاژەڵێک بەرەو ماڵی کەرگەدەن کەوتنە ڕێی و گەشتنە ماڵی کەرگەدەن و لە دەرگایاندا

ئاژەڵەکان سڵاویان لە کەرگەدەن کرد

کەرگەدەن بە دەنگێکی زۆر لاوازەوە وەڵامی سڵاوەکەی سەندەوەو ووتی: کێیە لە دەرگا ئەدات؟

یەک لە ئاژەڵەکان ووتی: جەنابی کەرگەدەن ئێمەین، دراوسێکانی خۆتین، هاتوین هەواڵێکت بپرسین!

کەرگەدەن زۆر بە زەحمەت هەڵساو دەرگای کردەوەو ووتی: فەرمون! وەرنە ژورەوە، سوپاس بۆ هەواڵ پرسینتان

ئاژەڵەکان ووتیان: سوپاسی ناوێ، ئێمە دراوسێی یەکین ئەبێ ئاگامان لە یەک بێ.

کەرگەدەن ووتی: ئێوە زۆر باشن، بەڵام ..... ئیتر کەرگەدەن دەستی کرد بە گریان

بە دەم گریانەوە ووتی: من یارمەتی ئێوەم نەدا، ئەو هەموە گژوگیایەم هەبو کەمێکم لێ نبەخشی، گژوگیاکە هەموی بۆگەن بوەو منیش لێمخوارد و ئاوام بەسەر هات، ئەوەتا زۆر نەخۆشم، من وام ئەزانی هەرکەس خواردنی زۆری هەبێ ئیتر پێویستی بە هیچکەس نیەو خۆی بە تەنیا ئەتوانێ بە بەختەوەری بژی، بەڵام ئێستا بۆم دەرکەوتوە ژیان بە بێ یارمەتیدان و دۆستایەتی هیچ مانایەکی نیەو هەرکەسێ دۆست و هاوڕێی نەبێ ژیانی سفرە، هەرکەس یارمەتی دۆستان و دراوسێکانی نەدا ئەو ئەو کەسە ژیانێکی ناخۆشی ئەبێت.

دوای ئـەوەی کـەرگـەدەن تـەواو پەشیمانی خۆی دەربـڕی ئاژەڵەکان بوون بە دوو دەستەوە، دەستەیەکیان کەرگەدەنیان برد بۆ نەخۆشخانەو دەستەکەیتر دەستیان کرد بە پاک کردنەوەیماڵی کەرگەدەن و فڕێدانی ئەو هەموە گیا گەنیوە.

دوای چەند ڕۆژێک کەرگەدەن چاک بویەوە، لە گەڵ ئاژەڵەکانیتر دەستی کرد بە شایی و خۆشی دەربڕین



بە بۆنەی ئەوەی کە گژوگیا سەوز بوەو دەرو دەشت هەموی ڕایەخی سەوزی ڕاخستوە، ئاژەڵەکانیتریش لە بەر گەڕانەی کەرگەدەن بۆ یارمەتیدان و خۆشەویستی شاییان گێڕا.

لە دارستانێکی دوور
لەودیو دونیای بێ سنوور
هەمو باش و میهرەبان
بە خۆشی و شادی ئەژیان
بەڵام تەنیا کەرگەدەن
ئەوە هەر باسی مەکەن
کەرگەدەنی چاوچنۆک
ڕەزیل و پیس و قرچۆک
تەنیا خۆشی خۆی ئەویست
خۆبەزلزان و خۆویست
وەرزی سەرما کە داهات
گرانی کەوتە وڵات
ئاسکی ناسکی زۆر چاو جوان
زەڕافەی زۆر میهرەبان
برسی بون و بۆ کەمێ
گیا خواردن تەنیا ژەمێ

ڕۆشتن بۆ لای کەرگەدەن
تا زگی خۆیان تێر کەن
پڕی یەک ژوور گژ و گیا
هیچی بە هیچیان نەدا
ئەسپی ئاوی میهرەبان
ڕۆشت و گیای بۆ ئەهێنان
لە دوای چەند ڕۆژێ باران
دونیا خۆش بوو وەک جاران
کەرگەدەن گژوگیاکەی
تەڕ بوو، گەنی، هەی هەی
گژوگیای گەنیو خواردن
قرچۆکی خستە مردن
لە کاتی شایی و خۆشی
کەرگەدەن نەیما هۆشی
هاوڕێیان و ئاژەڵان
بە دوای کەرگەدەن گەڕان
بردیان بۆ خەستەخانە
پاکیان کردەوە یانە



دوای ئەوەی چاک بویەوە
ئاژەڵان کۆ بونەوە
ووتی: من پەشیمانم
لە کردەوەی نا جوانم
گیاندار بێ دۆست و هاوڕێ
بۆی بار ناکرێ هیچ بارێ
هەموتان لێم ببورن
ئێوە گەورەو ڕوو سوورن





# (١١)
# مەڕی زیرەک

یەکێ هەبو ، یەکێ نەبو ، جگە لە خوا هیچ کەس نەبو ، هیچ هەر نەبوو

بەیانییەک زۆر زوو سەگ وەستا بوو ، چاوەڕێی مەڕی هاوڕێی ئەکرد ، سەگەکە زۆر دڵخۆش بو کە مەڕی هاوڕێی سەردانی ئەکا ، ئەو ڕۆژانەی بیر ئەکەوتەوە کە پاسەوانی ڕانە مەڕ بوو ، ئەم مەڕەش لە نێو ئەو ڕانەدا بوو ، سەگەکە زۆر بە باشی پاسی ڕانەکەی ئەکرد و مەڕەکانیش قسەی خۆشیان بۆ سەگەکە ئەکرد و خواردنی خۆشیان بۆ ئەهێنا ، ئەو ڕۆژانە چەند ڕۆژگارێکی خۆش بوو.

سەگەکە خەیاڵی لای ئەو رۆژانە بوو کە لە ناکاو دەنگی سڵاو کردنی مەڕەکە خەیاڵی سەگەکەی پچڕاند

مەڕەکە ووتی: سڵاو لە دۆستی بە ئەمەک و وەفاداری خۆم!



سەگەکەش ووتی: سڵاو لە مەڕی نازدارو ژیر! زۆر بیرم ئەکردی، بە خێر بێی، زۆر خۆشحاڵ بوم بە هاتنت

مەڕەکە ووتـی: سەگی ئەمەکدار زۆر خۆشحاڵ بوم کە تۆ لەم نزیکانە ئەژیت، هەر کە بیستم لەم نزیکانەی ووتم با بڕۆم سەرێکی لێبدەم و لە ئەحواڵی بپرسم

سەگ ووتی: زۆر سوپاس ئەی مەڕی ئازیز

مەڕ ووتی: ئێی سەگی وەفادار! هەرگیز ئەو ڕۆژانەم لە بیر ناچێ کە تۆ پاسەوانی ئێمە بووی، ئەو ڕۆژانە ڕۆژگارێکی زۆر خۆش بوو

سەگ ووتی: نا مەڕی هاوڕێ خۆ من هیچ کارێکی ئەوتۆم نەکردوە، من تەنیا ئەرکی خۆم جێبەجێ ئەکرد، بەڵام بە دابڕانمان لە یەک من زۆر خەفەتبار بووم

مەڕ ووتـی: سەگی ئازیز ئەمە ئیتر دونیایەو ئاوایە، چی بکەین؟!

سەگەکە ووتی: دەی مەڕە گیان وەرە با ئەو ژورەت پێ پیشان بدەم کە بۆم ئامادە کردووی

سەگ و مەڕ بە دەم قسە کردنەوە کەوتنە ڕێ بەرەو ئەو ماڵەی کە بۆ میوانداری مەڕەکە لە لایەن سەگەوە ئامادە کرابوو، زۆری پێ نەچو گەشتنە ماڵ

سەگەکە ووتی: مەڕی ئازیز! برێکی زۆر گژوگیام بۆ ئامادە کردوی بۆ ئەوەی لێی بخۆی!

مەڕەکە زۆر سوپاسی سەگەکەی کرد و ووتی: ئەوە کێ و کێ دراوسێی منە، با بیانناسم؟

سەگەکە ووتی: دراوسێ دەستە ڕاست ماڵی کەرێکی زۆر هێمن و بەستەزمانە

مەڕە ووتی: زۆر باشە

سەگە ووتی: ماڵی بەرانبەریش ماڵی گورگە! بەڵام مەترسە پێم ووتوە کە تۆ میوانی منی و نابێ هیچ زیانێکت لێ بدا!

مەڕە ووتی: دڵنیای؟

سەگە ووتی: بەڵێ! دڵنیام، پێم ووتوە: ئەگەر بیخۆی تۆڵەت لێ ئەسەنمەوە

مەڕە لە دڵی خۆیا ووتی: ئەگەر بمخوا تۆڵەی لێ ئەسەنێتەوە؟! جا بە من چی؟ خۆ من تازە خوراووم!!!

مەڕە دانیشت و بیری ئەکردەوەو لە دڵی خۆیا ئەیووت: من لە خەتەرام، بەڵام نامەوێ ببمە هۆکاری نارەحەت بونی سەگی هاوڕێم!

مەڕە هەستایە سەرپێی و لە پەنجەرەکەوە تەماشای ماڵی گورگی کرد، تەماشا ئەکا گورگی چاوچنۆک تەماشای ئەم ئەکات و لیک بە کەلاوەیا دێتە خوارێ! بۆیە مەڕە دڵنیا بو کە گورگە نیازی وایە



بیخواو لە هەڕەشەی سەگەکەش نەترساوە.... بۆیە زۆر بە پەلە هەمو دەرگاو پەنجەرەکانی داخست بۆ ئەوەی گورگەکە نەتوانێ بچێتە ژورەوە

شەو گوێی لێ بو یەکێک زۆر بە توندی لە دەرگا ئەدا

ووتی: کێی؟

ووتــی: من دراوسێی تۆم، هاتوم بەخێرهاتنت بکەم!

مەڕە ووتی: کام دراوسێ؟

ووتی: دراوسێکەی بەرانبەر!

مەڕە ووتی: گورگە ئەوە تۆی؟

ووتی: بەڵێ!

مـەڕە ووتــی: دەی ئێستا وەختی خێراتن نیە، بەیانی لە گەڵ جەنابی سەگا بە یەکەوە بێن بۆ خێراتن

گورگە ووتی: نا من پەلەمە ئەمەوێ هەر ئێستا خێراتنت بکەم

مەڕە ووتی: شەو کاتی خەوتنە نەک خێراتن بڕۆ سبەینێ وەرەوە

گورگە لێیدا ڕۆشت و بیری ئەکردەوە کە چۆن ئەو مەڕە قەڵەوە بخوا!؟ ئەو لە مێژ بوو مەڕێکی ئاوا قەڵەوی ڕاو نەکردبوو، بۆیە بڕیاری دابوو ئەم مەڕە لە دەست خۆی دەرنەکا ئیتر سەگە چی ئەکا با بیکا!



لە هەمان کاتا مەڕەکەش بیری لەوە ئەکردەوە کە چۆن ئەو گورگە برسیە چاوچنۆکە لە کۆڵ خۆی بکاتەوەو سەگەکەش نارەحەت نەکا!

بۆ بەیانی مەڕە ڕۆشت بۆ بـازاڕ و پۆشاکێکی کڕی وەک پۆشاکی پڵنگ وابوو، لە بەری کرد، کەس نەیئەزانی مەڕە هەمو وایانئەزانی پڵنگە، دەستی کرد بە گەڕان بە ناو دارستانا بزانێ ئەو ماڵانە ماڵی کێن؟ بۆی دەرکەوت کە ماڵی پڵنگ لەو ناوە زۆر نزیکە

شەو داهات، جارێکیتر گورگە لە دەرگای ماڵی مەڕی دایەوە، دەرگا داخرابوو، گورگە بڕیاریدا لە سەربانەوە بڕواتە نێو ماڵی مەڕەکە، مەڕ هەستی بەوە کردو بە پەلە پۆشاکی پڵنگی لە بەر کردو غیرەتی دایە بەر خۆی و خۆی بۆ جەنگ ئامادە کرد

گورگە ڕۆشتە ژورەوەو مەڕی بینی لە پێستی پڵنگا بوو، وایزانی ئەوە هەر بە ڕاست پڵنگە بۆیە زۆر ترسا و بە دەم ترس و لەرزەوە ووتی: ئەوە ئێرە ماڵی مەڕەکە نەبو؟

مەڕەکە ووتی: تۆ کێت ئەوێ؟ من مەڕم یا پڵنگ؟

گورگە ووتی: جەنابی پڵنگ بمبورە! ئەوە مەڕەکە لە کوێیە؟

مەڕە ووتی: بڕۆ بۆ سەر شەقامەکە یەکەم ماڵ ئەوە مەڕەکە لەوێیە





گورگە ووتی: باشە قوربان تێگەشتم، یانی تۆ لە گەڵ مەڕا خانوەکانتان گۆڕیوەتەوە؟

مەڕە ووتی: بەڵێ!

گورگی چاو برسی بەرەو ماڵی پڵنگ کەوتە ڕێ و وای ئەزانی مەڕەکە لەوێیە، بۆیە بە بێ یەک و دوو کردن بازی دایە نێو ماڵی پڵنگە ڕاستەقینەکەو پەلاماری پڵنگی داو وایئەزانی مەڕە

پڵنگ کردی بە پشت ملی گورگا و زۆر توڕە بوو ووتی: ئەوە گورگی ناقۆڵا چۆن بەم شەوە بەبێ پرس خۆت ئەکەی بە ژورا؟

گورگە هەمو گیانی لە ترسا ئەلەرزی و ووتی: کورە بمبورە پڵنگەکەیتر ووتی ئێرە ماڵی مەڕەکەیە منیش هاتوم مەڕ بخۆم نەک تۆ!

پڵنگ ووتی: دەی منیش زۆرم برسییە و ئەمڕۆ نەچوم بۆ ڕاو

گورگە ووتی: مەبەستت چیە؟

پڵنگ ووتی: مەبەستم ئەوەیە بەیانیش ناچم بۆ ڕاو تۆ ئەخۆم و بڕایەوە

گورگە ووتی: بەڵام....

گورگە قسەکەی تەواو نەکرد و پڵنگ شاڵاوی بۆ برد و گرتی و کردی بە نێچیری خۆی

بۆ بەیانی سەگەکە دەنگوباسی گورگەکەی بیست



و چو بۆ ماڵی مەڕی هاوڕێی بۆ ئەوەی دەنگوباسەکەی بۆ بگێڕێتەوە

سەگە بە مەڕی ووت : من نازانم بەو شەوە تاریکە بۆچی ئەو گورگە نەگبەتە ڕۆشتوە بۆ ماڵی پڵنگی چەنگ بە خوێن؟!

مەڕە ووتی: سەگی وەفادار دوایی خۆت ئەزانی... من درەنگمە ئەبێ ئیتر ماڵئاوایی بکەم بڕۆمەوە، خوات لەگەڵ!

سەگەکەش ووتی: خوات لەگەڵ مەڕی هاوڕێ.

جاری لە دارستانا
مەڕی زیرەک وزانا
بۆ لای سەگ بە میوانی
ڕۆشت و کت وپڕ زانی
کە گورگێکی چاو برسی
زوو لە مەڕی ئەپرسی
بۆ ئەوەی ڕاوی بکا
لیکاو بە دەمیا تکا
شەو رۆشت و لە دەرگای دا
مەڕ ووتی تۆ کێی برا؟
گورگە وتی: جیرانم
بە خێربێی سەرچاوانم


مەڕ ووتی با سبەینێ
سەگیش لە گەڵ تۆدا بێ
دەرگات بۆ ئەکەمەوە
دات ئەنێم لە ژورەوە
بەیانی مەڕە هەستا
پۆشاکی پڵنگی پۆشا
ئەمجار کە شەو هاتەوە
گورگە لە سەربانەوە
خۆی خزاندە ماڵی مەڕ
بەڵام چی دەبینێ ؟ شەڕ!!
پڵنگی بینا بە شەو
ووتی: ها چیە بێ خەو
بۆچی هاتوی بۆ ئێرە
مەگەر چاوانت کوێرە؟
ووتی: قوربان ببورە
ڕێگای ماڵی مەڕ دوورە؟
ووتی: وا لە سەر کۆڵان
گورگە بۆ خۆی ئەیبۆڵان
یانی ماڵتان گۆڕیوە
تۆ لێرەی ئەو لەو دیوە





ووتی: بەڵێ ئاوایە
بڕۆ تا گیانت تیایە
ئیتر گورگی ناقۆڵا
لە لای ماڵی پڵنگا
یەکسەر بە بێ پرس و ڕا
هات و خۆی کرد بە ژوورا
پڵنگی ڕاستەقینە
تووڕە بوو بەم دیمەنە
گورگی گرت و ڕای دڕی
پشوو هەناسەی بڕی
جەزای کاری فێڵبازان
درۆزن و چاوبازان
تۆڵەو هەق لێسەندنە
تۆبەی گورگیش مردنە


SCHOOL


٦ بۆ ١٢ ساڵ
2
زنجیرەی هەبوو،نەبوو
زمانی ئاژەڵان
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس


٦ بۆ ١٢ ساڵ
3
زنجیرەی هەبوو،نەبوو
یەخسیری وەک مردنە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس


٦ بۆ ١٢ ساڵ
4
زنجیرەی هەبوو،نەبوو
دادگەری بناغە و ڕیشەی
هەموو خێرو خۆشییەکە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس


٦ بۆ ١٢ ساڵ
5
زنجیرەی هەبوو،نەبوو
چاڵ هەڵکەن خۆی لە بن چاڵە
ئامادەکردنی: ئازاد عەبباس